YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە


سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

No.54.November2023 | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | ژمارەی ٥٤ی تشرینی دووەم ٢٠٢٣

# سلێمانی وەک سەرچاوەی بیری بەرەنگاری و مانەوە

**یادنامە**

سلێمانی سروشتی کۆمەڵایەتی و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و مێژویی بە جۆرێکە دەتوانین بڵێیین بۆتە سەرچاوەی وزەی سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی و فکری ، ئەم هێزە لە مێژە تا ئێستا پەرش بوە بۆ سەرجەم شارەکانی تری کوردستان و لە مێژووشدا وەک پایتەخت ئەم ڕۆڵەی بینیوە ، خۆ ئەگەر لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ببینین ئەوا چوارگۆشەی شارەکانی ( سلێمانی ، قامیشلۆ ، دیاربەکر ، سنە ) هێزی پەرش بوە بۆ کۆی شارەکانی تر ، بە مانایەکی تر سلێمانی شوێنی فرەدەنگی و فرەڕەنگی و فرەئاینی و دیالەکتیکی جیاواز بوە و پێکەوە ژیانی هێزە ناکۆکەکان بنەمای پێکەوە گرێدانی کۆمەڵایەتی بوە و سەنتەری نوخبەی ڕۆشنبیری و سیاسی و فکری بوە ، بۆیە چەند سلێمانی بەهێز بێت دەکاتە بەهێزی شارەکانی ترو چوارگۆشەی کوردستانی گەورە و بیری شۆڕشگێری و بیری ڕۆشنبیری و سیاسی هەمو کوردستان ، ئەم هەقیقەتە لە مێژووەوە تا ئێستا داتاکان ئەوفاکتەن کە سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن ، کە شۆڕشەکان لە سلێمانیەوە بوە ، زۆرترین خوێن و قوربانی لە سلێمانی بوە ، زۆرترین ڕۆشنبیری سەرجەم بوارەکانی ئەدەب و هونەر لە سلێمانییەوە بوە ، زیندوترین بەڵگە بۆ ڕوداوی مێژوویی ڕاپەڕین بوە کە لە سلێمانیەوە هەناردەی شارەکانی تر کراوە ، لە کۆتادا دەتوانین بڵێین سلێمانی سەنتەری هێز و ڕۆحی کوردستانە.








خاڵە شیهاب لەژوری سێدارە چی وت ... ل٢
زمانی کوردی لە زاراوەی سۆرانی بۆ وەرگێڕی ڕاستەوخۆی دەنگی گوگڵ زیادکرا ... ل٣
عەسرەچا ... ل٥
ژانی لە دایک بوونێکی نوێ ... ل٦
لە یادی سلەیمانی دا: سووتاندنی زیلە عەسکەریەکانی بەردەرکی سەرا ... ل٨
شاری سلێمانی ... ل١٢
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٣
ڕۆڵی پەروەردە، لە نەهێشتنی شەرمکردندا ... ل١٥
لەجێی کورد باین چیمان دەکـــرد ... ل١٦
فرۆکەی بێفڕۆکەوان و ماددەی هۆشبەر ... ل١٧
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٢٥

## (شەنگ)

جوانیی ئەشێت خەندەیەک بێت،
بزەیەک، یا پێکەنینێک
ئەشێت چاوێکی خومار بێت،
تەماشا مەست، نیگایەکی نازەنینێک
ئەشێت، پەرچەم بێت یا برژانگ
یا بڕۆی وەک یەکشەوەی مانگ
یا تاڵێ مووی لە بسک یاخی
یا گەندەمووی نەرمی لاجانگ
ئەشێ خاڵێکی سەر لێو بێت،
یا بەسەر گۆنای ئاڵەوە، نیشانەیەک
پێڵوویەکی پەمەیی بێت،
یا خەتێکی جێ خزینی گەردانەیەک
ئەشێت لووتێکی بچکۆلەی نیگابڕ بێت،
یا لێوێک، ئەستوور و پڕ بێت
یا ڕوومەتێک تەنک و ئاڵ بێت،
یا چەناگەی نەختێ چاڵ بێت
هەر کچۆڵە شۆخێکی کورد
جوانییەکی وای بەرکەوتووە
جگە لە تۆ،
گشت ئەو جوانیانە، پێکەوە،
لە ڕووخسارتا دەرکەوتووە.
(باست حەمەغەریب)






## خاڵە شیهاب لەژوری سێدارە چی وت؟

ئەمڕۆ( ٢١/١١) 47 ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی شەهیدانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (شیهاب و ئەنورو جەعفەر) تێدەپەڕێ کە لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دران.

داستانی ئەم سێ قارەمانە لەزینداندا لەخۆراگری و نەبەزینیان وەک و سەدان زیندانی سیاسی و شەهیدانمان جێگەی شانازین..

سەرلەبەیانی٢١/١١/١٩٧٦ لەکاتی ڕیزکردنیان بۆ سەر سەکۆی سێدارە شەهید جەعفەر بە خاڵە شەهاب دەڵێ: حەزناکەم مەرگت پێش مەرگم کەوێ من لەپێشەوە دەڕۆمە بەر پەتی سێدارە.

خاڵە شیهاب پێی دەڵێ: من بەرپرسیاری هەمووتانم و پێشدەکەوم و دەبێ بەقسەشم بکەن..

ئیتر شەهید جەعفەرو ئەنوەر پڕ بە گەروو هەستی نەتەوەی و کسپەی خەفەکراوی ناخیانەوە، بە وتنەوەی هوتاف و سرودەوە، خاڵە شیهاب لە ئامێزی وەفا دەگرن و بەرەو پەتی سێدارەی بەرێدەکەن و دوای ئەوانیش شەهیدان جەعفەرو ئەنوەریش یەکتری لە ئامێز دەگرن و بەرەو سەکۆی سەروەری سەردەکەون.

شەهیدان خاڵە شیهاب و جەعفەرو ئەنوەر و هەزاران شەهیدی دیکەی گەلەکەمان.

لە پێناوی ئازادی کوردستان گیانیان بەخشی


لەپێناوی هێنانەدی حکومڕانییەکی کوردی کە دادی کۆمەڵایەتی تێدا دەستەبەربێ گیانیان بەخشی

لەپێناوی حکومڕانییەک کە دەستاودەستی دەسەڵات و دیموکراسی تێدا بەرقەراربێ گیانیان بەخشی..

بەڵام بەداخەوە خەریکە وێنەی حکومڕانیەکەمان لەباتی ئەوەی دەرەنجامی خەونی شەهیدانمان بێت، لاسای کردنەوەی نیزامە ستەمکارەکان دەبێت.

ڕۆحی شەهیدان ؛ خاڵە شیهاب و جەعفەرو ئەنوەر و تێکرای شەهیدان شادبێت.

**سیروان ڕەشید**





## زمانی کوردی لە زاراوەی سۆرانی بۆ وەرگێڕی ڕاستەوخۆی دەنگی گوگڵ زیادکرا

لەهەنگاوێکی گرنگدا هاوشێوەی زمانە جیهانییەکان، زمانی کوردیش لەزاراوەی سۆرانی بۆ بەشی وەرگێڕی ڕاستەوخۆی دەنگی لەگوگڵ زیادکرا.
ئەمڕۆ شەممە 23-9-2023، بۆکان جاف، دامەزرێنەری کۆمەڵەی گوگڵ کراودسۆرس لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا دەڵێت، لەئەمڕۆوە زمانی کوردی (زاراوەی سۆرانی) چووە لیستی زمانەکان لە وەرگێڕی ڕاستەوخۆی دەنگی کە پشت بە وەرگێڕی گوگڵ دەبەستن.
بۆکان جاف ئەوەشی خستووەتەڕو، لێرە بەدواوە هەموو ڤیدیۆکانی ئینتەرنێت بە یەک کلیک دەتوانن وەرگێرانی بۆ بکەن بۆ کوردیی ناوەندی، هەروەها دەتوانن بە هەر زمانێک لە هەر شوێنێک بینیتان ڕاستەوخۆ وەرگێرانی بۆ بکەن.
ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوش کۆمپانیای گوگڵ زمانی کوردی (زاراوەی سۆرانی) بۆ بەشی بۆ خزمەتگوزاریی وەرگێڕانەکەی زیاد کرد، لەئێستاشدا ١٣٣ زمان لەناو  خزمەتگوزاریی وەرگێرانی گوگڵ بەردەستن.

سایتی زەمەن

## مێژووی سلێمانی

شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان وەوە دروست کراوە. ئیبراهیم پاشا شارەکەی بە ناوی باوکییەوە، سلێمان پاشا، ناوناوە. سلێمانی جگەلەوەی دەبێتە پایتەختی میرنشینی بابان، لەهەمان کاتدا دەبێتە مەڵبەندێکی بازرگانی و ڕۆشنبیری ناوچەکە.[١] زاراوەی سۆرانی لە ناوچەکەدا پەرە دەستێنێ و دەبێتە زمانی خوێندن و نووسین بە جۆرێک کە زاراوەی سۆرانی لە ناوچەکەدا بەرەو کەمبوون و نەمان دەچێت. پاش ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١ و لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم، شاری سلێمانی دەخرێتە سەر کۆماری ئێراقی ئەمڕۆ. لە ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ شاری سلێمانی پایتەختی دەوڵەتەکەی مەلیک مەحموود بووە. شاری سلێمانی جگە لەوەی لانکەی ڕۆشنبیر و تێکۆشەران بووە، مەڵبەندی هەڵگیرسانی چەندان شۆڕش و ڕاپەڕینیش بووە لە مێژووی کوردستاندا. بەپێی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥٥ پانی ڕووی شاری سلێمانی ٢٠ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار مەترە و ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ٦٠ هەزار کەس و نزیکەی ٧ هەزار خانووی تیادایە. لە شەش گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە ئەوانیش کانی ئاسکان، گۆیژە، مەڵکەندی، سەرشەقام، چوارباخ، دەرگەزێن گەڕەکی جوولەکانی جارانیش کە ئێستا خراوەتە سەر گەڕەکی سەرشەقام.



ویکیپیدیا

## پەیامی سەروەریی

### مەحمود مەلا عززەت





لە دەروازەی ڕووەو کازێوەی دەمی کەلی ئاسۆی بەرزی کوردەواریی، لەسەر شانمان، بە ئەسرین و بە ئارەقەی نێوچاوان و بە دڵۆپی خوێنی گەرم و مەیوو نەزانی ناو جەستەو دووا دەماری ناو هەناومان، ڕووناکییەك بەرزبۆوە.. کۆچی کردو باڵای کردو، بوو بە میوانی هەمیشەی یەك بە یەکی لوتکەی کەژو گشت چیاکان.. ئەوە دروشمی ڕێبازی خەبات و سەرفرازیی بوو. دروشمی هەرگیز نەمری (یان کوردستان یا نەمان) بوو.
لە ژێر ناپاڵم و وەیشومەی چەکی کوشندەی کیمیاویی.. لەناو ئەنفالی ئەم گەلەو مێژووی قوربانیی و سەروەریی.. لە دەشت و دۆڵ... لە گەرمیانی پڕ شانازیی و لە کوێستانی جێی سەربەرزیی دەنگی چەکی خامۆشی نەزانی ئێمە بوو وەك ئاوازی پڕ لە سازی دەروون هەژێن، ئەو دروشمەی دەگەیاندە دارو بەردو گەڵاو گوڵ و گوێی ئاوەڵەی ڕۆڵەو نەوەی ژێر هەرەس و پڕوکاوی نەهامەتیی و کۆستەکانمان تا سەرئەنجام ئێمە نەماین کوردستان ما، ئێمە نەماین گەلی کورد ما، ئێمە نەماین ئێوەو جگەرگۆشەکان مان... لە جێگەو مەنزڵگەی ئێمە پەیکەری هەمیشە زیندووی شەهید ڕووا، شەهید خوڵقا، سەری بەرزی ئەو پەیکەرە باڵای کردو، بەرز بووەوەو چووە ئاسمان، بوو بە دیاری و بیرەوەریی وەچەو نەوەی دوا کاروانی پڕ لە شکۆی هەر هەمووتان.. لەناو دەنگ و ڕەنگ و گیانی ئەو پەیکەرە چاوی گەش گەش هەردەم ڕووناك، ڕاوی پڕ لە وشەو پەیام.. پڕ لە خواستی دڵ و ویژدانی زامداران، بە ئاوازی هەمەڕەنگی پەری و فریشتە ئاسایی ڕازو نیازی نوێ دەڵێت و هاوارئەکا دەستی ڕێزو نوازشی ئێوەی هاوڕێیانی زیندوو لەسەر سەری ساواکانتان، نەوەکانتان، پارچەکانی دڵ و جگەری ونبووتان... ئەو نییە بانگەوازی پڕ ئاوازی هەمەڕەنگمان بۆ دەڵێن و دەیڵێنەوە کوا بابە گیان... کوا ڕۆڵە گیان.. کوا برا گیان کوا ئێوەی ژن، تۆی بێوەژن، ساواو لاوی بێ دەرەتان.. ئێوەی بە کۆمەڵ نێژراوی ناو عەرعەرو دۆزەخی ڕەشی بیابان، کوا خۆشەویستانی ڕۆح و گیان، ئێوە ون نین، ئێوە ماون، ئێوە زیندوون، ئەوە نیە هاوڕێکانتان.. چەك بە دەستی ڕێی خەباتی دوێنێی چیا، ئەمڕۆ هەموو زۆر بە وەفاو بە ئەمەك و پشت و پەنان، هەم بۆ ئێمەو هەم بۆ یادی پڕ لە شکۆی ئێوەی ناو کاروانی مەرگ و ڕێی سەرفرازی



# تورکیا سەرقاڵی جیهان بەغەززەوە بۆ خێراترکردنی گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین دەقۆزێتەوە

## شارپرێس کەندالٚ جودی

لە کاتێکدا سەرنجی هەموو جیهان لەسەر شەڕی غەززەیە، بەڵام دەوڵەتی تورکیا سوودی لەوە وەرگرت و گۆڕانی دیمۆگرافیای ناوچەی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانی خێراترکردووە، لەو چوارچێوەیەشدا سود لە چەند ڕێکخراوێکی فەلەستینی وەردەگرێت.

ناوچەکانی عەفرین کە ناوچەی کوردستانین لە ساڵی 2018دا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داگیرکران. دواتر هەزاران هاووڵاتی کورد کۆچیان کرد و بەشێکیان لە عەفرین مانەوە، ژمارەی ئەو کوردانەی لە عەفرین ماونەتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ کەمدەبێتەوە و ئێستاش مەترسی زیاتریان بۆ دروستبووە.

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی پەیامنێری شارپرێس لە ڕۆژاڤای کوردستان سەبارەت بە ناوچەی عەفرینی داگیرکراو، ئەمجارە پێشێلکارییەکانی تورکیا لە عەفرین لە مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەمدا بەدۆکیۆمێنت کران.

**مانگی ئەیلول**

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست شارپرێس کەوتوون، لە مانگی ئەیلولدا، دەوڵەتی تورکیا و گروپە چەکدارەکانی، ٥٩ کەسیان لە ناوچەی عەفرین ڕفاندووە و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

جگە لەوەش دەوڵەتی تورکیا لەم مانگەدا جارێکی دیکە لە ڕێگەی چەکدارەکانییەوە سەدان داری بڕی و دارستانەکانی سووتاند.

هاوکات لە چوارچێوەی گۆڕینی ناسنامەی عەفرین، دروستکردنی گوندی نوێ بۆ عەرەب و تورکمان لە دەوروبەری عەفرین بەردەوامە.

لەو چوارچێوەیەدا ئەمجارە دوو ڕێکخراوی ئەمریکی بەشدارییان کرد لە دروستکردنی گوندی نوێ لە عەفرین. بەپێی زانیارییەکان ناوی ئەو ڕێکخراوە ئەمریکیانەی بەشداریان کردووە بریتین لە: ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدان و ڕێکخراوی خێرخوازی سێواسیا.

جگە لەوەش لە ناحیەی شێراوا ڕێکخراوی جیهانی بۆ هاوکاری و گەشەپێدان زیاتر لە 100 باڵەخانەی لە چوارچێوەی گۆڕانی دیمۆگرافی ناوچەکەدا دروستکرد.

**مانگی تشرینی یەکەم**

شارپرێس لە مانگی تشرینی یەکەمدا زانیاری گرنگی لەبارەی پێشێلکارییەکانی تورکیا لە عەفرین دەستکەوت. بە پێی ئەم زانیاریانە دەوڵەتی تورکیا لەو مانگەدا ٤٨ کوردی خەڵکی عەفرینی ڕفاندووە و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە، ٤ ژن و ٥ منداڵیش لەنێو ئەو کەسە ڕفێندراوانەدان.

جگە لەوەش دەوڵەتی تورکیا دیسانەوە سەدان داری لە تەواوی لادێکانی عەفرین بڕیوە و لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێن. هاوکات دەڤەری عەفرین کە بە داری زەیتون ناسراوە، مانگی دروێنەکردنی زەیتون بووە، بەڵام دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی چەکدارەکانییەوە دەستی بەسەر زۆربەی بەروبوومی زەیتونی خەڵکی عەفرین گرت.

هاوکات لە چوارچێوەی گۆڕینی ناسنامەی عەفرین، لەو مانگەدا چەندین گوند لە عەفرین دروستکران. لەو چوارچێوەیەدا گوندێك بە ناوی "ئەشبەلٚ بەیت مەقدەس" لە ناحیەی جندیرێس بە سەرپەرشتی کۆمەڵەیەکی تورکیا دروستکرا.

لە کاتێکدا کە شەڕێکی قورس لە شاری غەززەی فەلەستین بەڕێوەدەچێت، ڕێکخراوێکی فەلەستینی بەناوی ژیانی بەشکۆ کاری گۆڕینی دیمۆگرافی لە عەفرین و ناوچەداگیرکراوەکانی دیکەی ڕۆژئاڤا دەکات.

ئەم ڕێکخراوە لە جیاتی ئەوەی بچێتە غەززە و یارمەتی خەڵکی سڤیل بدات، بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی تورکیا، گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژاڤای کوردستان درێژە پێدەدات.

# ڕازێک بۆ سلێمانی

## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



سلێمانی .. سلێمانی
لەسەرزارم بەسانایی
خاوەنی حەوت پیتی جوانی ..
بەڵام چی بڵێم ؟؟
هەرپیتێکت
ناونیشان و سیمبولێکە
وەسف ناکرێ بەئاسانی ..
(س سین)؛ بەواتای
سەربەرزیتە..
سەربەخۆیی وسەرکەشیتە..
سڵنەکردن لەدوژمنان
بەردەوامیت ..لەبەرخودان.
(ل لام )؛بەواتای ..
لالەزاری پڕلەسەوزی و
لوتکەی بەرزایی چیاکان..
لاوانی پڕلە هەڵمەت و
گیانفیدایی بۆ نیشتمان..
(ێ) بەواتای ..
هێزوتوانای مێشک و بازوو..
بۆ بنیادی نەوەی ئێستاو هەم داهاتوو.
(م )بەواتای ..
مرۆڤگەلت خاوەن ویژدان
دۆستی ژینگەو ئاژەڵانت
مەردایەتی و کۆڵنەدانت
بۆسەربەستی نیشتمانت..
(ا ئا ) بەواتای ..
ئازادیبون بەبیری نوێ..
ئاسۆی ژیری و پێشکەوتنت
داهێنان دەکاتە خەڵات
بۆ ئاسودەیی گەل و وڵات..
(ن نون )بەواتای..
نوچنەدان و نەبەزینت
نەسرەوتن تاسەرکەوتنت
گەشانەوەی لەبەرزینت ..
(ی )بەواتای ..
یاساکانی دادپەروەری ..
بۆ ئاسودەبونی ژیان
یەکسانی، نێو کۆمەڵگایە
کەهێمایە بۆ سەروەری
بۆژینی پڕبەختەوەری ..
من قوربانی ..
پیت بەپیتی ناوی تۆبم
تۆ سەردەستەو شای شارانی
ئەی شارەکەم سلێمانی..

# عەسرەچا

## ڕەهبەر سەید برایم

## 81

## (زومڕەی مەلایان)

لە ناوچەی (یەکێتیی شۆڕشگێرانی کوردستان) لە (دەشتی کۆیە)، چەند مەلایەك هەبوون کادیری شۆڕشگێران بوون هەروەك( مەلا جەمالی حاجی عەلی مەلا زیادی و شەهید مەلا هیوا حاجی ئەبوو بەکری ساتوقەڵایی و شەهید مەلا عوسمانی حاجی سابیری کانیبی و مەلا عوزێری قوڵقوڵەیی) بەو مەلایانەیان دەگووت (زومڕەی مەلایان) یەک پێڕ بوون و پێکەوە بە فەقێیایەتیان خوێندبوویان راتب و ڕەحمەتیان کردبوو، مەلا جەمال لە هەمووان بزێوتر بوو، ڕەمەزانی دوو ساڵان لە (1978-1979) لە گوندی (کانی شۆك) کن پردی (تابین) مەلا و پێشینوێژی بۆ گوندی (کانی شۆك) دەکرد،

(مەلا جەمال) بە منی دەگووت (شێخ) دەیگووت (شێخە گیان مەراقمە وەک مەلا و لێپسراو وتاردا بدەم ڕێگەم بدە با قسە بۆ خەڵک و پێسمەرگە بکەم) دەیگێڕایەوە و دەیگووت لە گوندی کانی شۆك کابرایەک هەبوو ئارەقی دەخواردەوە ڕۆژێک بانگم کرد و ئامۆژگارییم کرد و یەک دوو حەدیسم بۆ خوێند و تێم گەیاند و وازی لە ئارەق خواردنەوەی هێنا و دەستی بە نوێژ و ڕۆژوگرتن کرد.

ڕۆژگار ڕۆیی و ڕابرد ساڵی 1984(مەلا جەمال) خۆی فێرە ئارەق خواردنەوە بوو و وازی لە نوێژ و ڕۆژو هێنا.

لە بەرامبەریشدا لە کەرتی ڕێکخستنی (کۆمەڵە) لە (دەشتی کۆیە) چەند کادێرێکی مەلازادە هەبوون وەکو (مەلا قادری کاولان، مەلا تایەری کلێسە، مەلا دڵشادی مەلا عەلی) ئەو مەلازادانە مارکسی و لینینی بوون، ڕەش و ڕووت و زەحمەت کێشانیان فرچک دەدا، بە بیر و باوەڕی چەپ و بیردۆزی مارکسیانە،

(مەلا دڵشاد) وەک کادرێکی کۆمەڵە ئەهوەن و هێمن بوو ، بیر و باوەڕی جیاوازی پێ پەسەند دەکرا توندڕەو نەبوو میانڕەو بوو، مەسەلەی ڕێکخراوەیی بە وشکی وەرنەگرتبوو

بەرێکەوت لە شەڕی (دۆڵی خەلەکان) هاوکاتی داستانی (دابان) لە ڕۆژمێژووی1985/2/15 (مەلا جەمال) لە گوندی (باداوان) گوللە و ساچمەی دەبابەی بە دوڕ دەمی کەوت.

شەهید (مەلا عوسمان کانیبی)یش کە بووە فەرماندەی کەرتی تیپی(93)ی کۆیە لە شەڕی گرتنی دۆشکەی قاسماغا لە (دەشتی شیلە) کە (سالارە سووری) تێدا شەهیدکرا لە ڕۆژمێژووی 1986/5/22 مەلا عوسمان لەو شەڕە گوللەی بە ناودەمی کەوت دەم و ددان و شەویلاکی بەسەختی بریندار بوو، بۆ خۆشی هاوڕێیانی کۆمەڵە و خەڵکی دیش پێییان دەگووتن(ئەو مەلا و کادیرە شۆڕشگێڕانە زمانیان بەباشی نەدەگەڕا بۆیە گوللە و ساچمەیان بە ناو دەمیان کەوتووە).





ڕاوەستاووەکان

لە راستەوە ١- پشتیوان مام هەمزە٢-جەمال عەلی ئەمین (مەلا جەمال) ٣- هیوا ساتوقەڵایی٤-شەهید هیوا سێکانیانی ٥- ڕەهبەر سەید برایم٦- مام سیامەند دۆنداری٧- محەمەد حەمید.


دانیشتووەکان


لە راستەوە ١- برایم٢- مەجید کافرۆش٣- نەبەز٤- هادی٥- شاخەوان سۆرانی



1983-دەشتی کۆیە

مەلا عوزێر- شێخ بورهان-مەلا جەمال-شێخ چاپووك-شەهید کاکە جوان-ئومزور بۆڵی-





# ژانی لە دایک بوونێکی نوێ..
## بەکر فەتاح

حاڵی حازر لە جەنگی جیهانی نوێی جارِ نەدراواین، سەیر کەن، جەنگی ئۆکرانیا ، جەنگی فەلەستین، جەنگی سۆدان، کودەتا یەک لە دوای یەکەکانی ئەفریقیا..

جەنگەکانی ئوروپای سەدەکانی ١٧ و ١٨ ڕێکەوتنامەی ڤێستڤالیای بەرهەم هێنا کە بەیەکەم هەوڵی سیستەمی فرە لایەنی ناوزەد دەکرێ، جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی دروست کرد، لایەنە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم زۆر شێلگیرانە کەوتنە سزادانی لایەنی دۆراو، زەمینەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی توندڕەوی فەراهەم کرد، بە شێوەیەک لە ئەڵمانیا نازیسم و لە ئیتالیا فاشیزم و لە ئیسپانیا فرانکیزم لە دایک بوو بەوەش جیهانیان بەرەو جەنگی جیهانی دووەم برد. پاش جەنگی جیهانی دووەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دایک بوو بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە جیهان، بەڵام جیهانی کرد بە دوو جەمسەر، جەمسەری وولاتانی لیبرال و دیموکراتی سەرمایەداری، جەمسەری بە ناو سۆسیالیستی ..


خۆشەویستان هەڵوەشانەوەی جەمسەر سۆسیالیستی بەهۆی بەهێزی جەمسەری سەرمایەداری نەبوو، بەڵکو بەهۆی گرفتە بنچییەکانی نێوخۆی سیستەمەکە بوو، بەهۆی ململانێی نێوان قشری فەرامۆشکراوی کۆمەڵگاو کاربەدەستانی دەوڵەتی بێ خەبەر لە ئازارو ئەشکەنجەی کۆمەڵانی خەڵکی یەکێتی سۆڤییەت بوو...

خۆشەویستان ئەمڕۆش جیهان جارێکی تر بەرەو ململانێیەکی بێ ئامان هەنگاو دەنێ، جیهان جارێکی تر لە ژان دایە ، ناکرێ بێ هیوا بین بە هیوام ژانی لە دایک بوونی جیهانێکی نوێ بێ، جیهانێک کە ڕق و کینەی مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی و بێزێری بە مافی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان بخاتە زبڵدانی مێژووەوە...

دیار بوو بەیەکەوە بڕیاری شەهید بوونیان دابوو..

ئای چەند پێشمەرگەو چەند شەهیدی گومناومان هەیە!! ئەم شەو بە کەشکۆڵی یادەوەرییەکانم دەگەرام ، زۆر گەرام، زۆر یادەوەریم دۆزییەوە، مەلا عەتارم (ئاخر عطاء ناوێکی عەرەبییە بە مانای بەخشندە) بیر هاتەوە، لای ئێمە بوبو بە عەتار، مەلا عەتا پیاوێکی پراوپر مەرد و شۆڕشگێر، دەنگی تۆپ و ئاربیجی بەستە بوو لای ، هەمیشە بە پێوە دەستەو یەخە بوو لەگەڵ دوژمن. کەریم بەگم بیر هاتەوە ، کەریم بەگی سەرچناری کە لە نەبەردێکدا شەهید بوو، پێش شەهید بوونی هات بۆ لام ، ووتی خۆ هەر شەهید دەبم ، ئێستا پێویستم بە پارەتییە تا هاوسەر گیری بکەم ناکرێ ئێستا شەهیدانەکەم بدەنێ تا هاوسەر گیری بکەم و نەوەیەک بەجێ بێڵم و سەنگەرەکەم بە چۆڵی نەمێنێتەوە!!!!

عوسمان مکلیم هاتەوە یاد، کە پاڵەوانی دەیان نەبەردی ڕووبەڕوونەوە بوو دژی ڕژێمی داگیر کەر کەچی بووە قوربانی شەری نەگریسی براکوژی و خۆکوژی، جلال شارەزوریم بیر کەوتەوە کە چەپکێک گوڵی وەنەوشەی سەر دوندی قەندیل بوو، ئەویش هاورێ وهاودەمی کەریم بەگی سەرچناری کە بە بەگە بانگمان دەکرد، پێ ئەچێ پێکەوە تەگبیریان کردبێ تا هاوسەرگیری بکەن بۆ ئەوەی خاوەن نەوە بن تا سەنگەرەکانیان چۆڵ نەبێ. خوا یار بێ لە پۆستەکانی داهاتوو لاپەرەی هەموو ئەو شەهیدە گومناوانە هەڵئەدەمەوە، هەزاران سڵاو لە ڕوحی پاکی ئەو شەهیدانە کە بێ چاوەڕوانی پاداشت گیانی خۆیان بەخشی بە خاک و نەتەوەکەمان...






## لەڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ساڵڕۆژی کۆچی دوایی دایکم...

بە ئیجازەی شێرکۆ بێکەس ی نەمر..کانییەکانی وولاتەکەم خۆشەویستن ، لە هەموویان خۆشەویستر ئەو کانییەی تینویەتی زۆرترین ڕێبواری شکاند. شەهیدانی وولاتەکەم خۆشەویستن لە هەموویان خۆشەویستر ئەو شەهیدانەی یەکەم جار ترسی مەرگیان شکاند..

دایکم و کوردستان ئاوێتەن ، ئاخر ئەگەر خزمەتێکم لە هەرەتی گەنجێتیم پێشکەش بە گەلەکەم کردبێت ئەوە ئازایەتی خۆم نەبوە ئەوە ئازایەتی و بەرهەمی ڕەنجو ماندبوونی دایکم بووە، لەو ڕۆژگارە سەختە کە دایکم هەم دایک بوو هەم باوک، لە دوای کۆچی دوایی باوکم ..



## (کێشانەی خەم)

دوو سیسی
لە خەمم کێشا
لەچیای پیرەمەگرون و
هیمالایەش گەورەترو قورس تربوو
کێ دەڵێ
کەخەم ناکێشرێ
یاخود چری وسەنگی نیە
ئای چەند هەڵەیی
وەرە
بەتەرازوی ڕوح بیکێشە
بەمەترەی درێژی تەمەن بی پێوە
ئەوسا دەزانی
نەبینراوەکان
چ تەنێکن وچۆن چۆنی
گیان لەژێر باریدا
دەکێشرێ...

**بەرزان کەرکوکی**



## نووشتانەوە

**دڵشاد میراودەلی**

ڕۆژێ پرسیم لە شۆڕەبی
لەوەتی هەم و دەتبینم
تۆ
شەکەتی خەم پەرستی
بۆ ڕووخسارت وێرانەیە
تخوا ئەگەر بڵێی
ڕاستی.

گوتی:
لەسەر سەکۆی
سێبەرەکەم
لاشەیەکیان دەشاردەوە
لاشەی منداڵ.
بێشوشتن و کفن و دفن
ناویان لێنا زیندەبەچاڵ.

چەتد بۆم ڕووانی
پەیم نەبرد بە لاشەکەی
تاکو خوەردیان
دووپشک و مار.
لەوساتەوە
نوشتامەوەو
پرچەکانم بەڕووی
خاکا هاتنەخوار.

## ئاسمانی من



سەردەمێکە ئاسمانی من
ئەستێرەکانی خامۆشن
تریفەی مانگم لەگۆمی
مەراقدا خۆ دادەپۆشن

شەوگارێکە کاکێشانم
نابنە دەلیل بۆ شەوارەم
گەلاوێژم بێ ڕەونەقە و
سوتووی ئەم کۆنە هەوارەم

لەم سەرماوەزەی پاییزدا
تاڵێ تیشکی هیوا دەرکەوت
ئەیبردەوە، ئەوەی ئەکەوت
ئەوەی هەستایەوە، سەرکەوت
هەندێ_وەستان وەکو کەوتن بەئازارە
ئەمڕۆ دڵخۆشترم لەدوێنێ
2021/11/1

**شیلدن محەمەد زەنگەنە**

## تاڤگەی ئەسرین

**کۆسار هێرۆیی**

هەتا دەرچم لە ئازاری
دڵ ئاسکی و زۆری تۆرانی
تا کۆتا بێت ژان و ئێشی
پێکانی تیری موژگانی
من ئاواتەخوازی مەرگم
دەبا بەس بێت خەم و
حەسرەت
چ خۆشە مەرگی یەکجاری
لەجێی سەد جار پەشیمانی
لە وشکەساڵی ئەوینی
چ سەیرە هەر وشک ناکات
تاڤگەی ئەسرینی دوو دیدەم
لە بن سۆزی و میهرەبانی
ئەگەر ساتێک شادی بێنێ
سەردەمێک خەم دەبارێنێ
بەخێرایی تیشک دەڕوات
بێبەشم دەکا لە جوانی
دەزانم کە جێناهێڵێ مالی
پەڕپوت و شێواوی
لە کۆلانی دڵی تەنگم ڕاوم
دەکات بە چاوانی
چ قەیدە کە بۆچی هێندە
دەشێوێنێ و دەشکێنێ دڵ
ئەوە داخە خۆی بەخاوەن
خاک و مالی دڵ نەزانی

٢٥ ـ ١٠ ـ ٢٠٢٣ قەڵادزێ



# له یادی سلەیمانی دا: سووتاندنی زیله عەسکەریەکانی بەردەرکی سەرا

د.سامالٚ مانیی
سایتی زەمەن




زۆر گرنگە چی دەکەیت لە ژیانتدا،هاوشانی ئەوەش، گرنگە ئەوەی ناگونجێت لەگەلٚ پرنسیپەکانتدا رەتیبکەیتەوە و نەیکەیت.

هێرشی سووتاندنی زیلە عەسکەریەکانی بەردەرکی سەرای شاری سلەیمانی وا بەرەو نیوە قەرنێک لەمەوبەر پێهەلٚدەگرێت، لە ١٩٨٢ دا بوو ، ئەو هێرشە زۆر دەنگیدایەوە و ناونرابوو 'نەورۆزی سووتاندنی زیلەکان' لای خەلٚکی شارەکە. لەو هێرشەدا ئێمە تیمێکی حەوت کەسیی بووین هەموومان لە ناو کۆمەلٚەی رەنجدەرانی کوردستان بوین و تیمێک لە نێر و مێی گەنجی ناو شاری سلەیمانی بووین: چوار پیاو و سێ ژن، ئیشێکی هەماهەنگیی نێوان ئەو تیمە نوێیەی ژنە پێشمەرگەکانی ناوشاربوو کە دروستکردنی دەستی پێکردبوو بە سەرپەرشتیاریی من، لەگەلٚ رێکخستنەکانی ناوشار.

ئەم چەند پەرەیە سەبارەت بەو هێرشەی بەردەرکی سەرای سلەیمانی یە لە بیرەوەریەکانمدا وەک داتای رووداوە مێژوویییەکە، هەندێک وردەکاری لێدەرهێنراوە هەتا کاتی بلٚاوکردنەوەی هەموو بیرەوەریەکانم لە کتێبێکدا.

پێشتر لە یەک دوو پەرەیتری بیرەوەریەکانمدا کە بە سوپاسەوە لە زۆر لە رۆژنامە کوردیەکاندا بلٚاو کراونەتەوە لە (مانگی ٥-٢٠٢٠دا) وتم کاتێک بۆ یەکەم جار داوایان لێکردم خۆم بەتەنیا هێرش بکەمە سەر پارێزگاری سلەیمانی و بیکوژم، رەفزمکرد و وتم "من ناتوانم کەس بکوژم و ناشمەوێت ئەو تیمەی ژنە پێشمەرگەکانی ناوشار کە من دروستی دەکەم بکرێن بە بکوژ و بۆ ئەو جۆرە کارانە بەکاربهێنرێن؛ لەبەر ئەوە من دەگەرێمەوە بۆ شاخ." لە کاتێکدا داوای کوشتنی پارێزگاریی سلەیمانی لە سەرکردایەتی شاخەوە نەهاتبوو بەلٚکوو زادەی ناوخۆی رێکخستنەکانی ناو شار بوو، ئەو رەتکردنەوەیەی من گرنگ بوو بۆ یەکلاکردنەوە و سنوور دانان بۆ ئەوەی هێشتا نادیار بوو سەبارەت بەو تیمەی ژن کە من سەرپەرشتیاریان بووم و راهێنانم پێدەکردن لە مالٚەکەی خۆمدا لەسەر بەکارهێنانی چەک.

بەر لەوەی خۆم سیاسەت بکەم و لە سیاسەتکردنی دایک و باوکمەوە لە ئەوەلٚی شەستەکاندا فێرببوم، هەمان پرنسیپی ئەوانم بەکاردەهێنا لە هەلٚسەنگاندنی سیاسەتکردنم هەتا وازهێنانی یەکجارییم لە سیاسەت لە کۆتایی ١٩٩٣دا و چونە ناو بازنەی فەلسەفەی ئەکادیمی لە زانکۆی لەندەن، هەموو ئەو سالٚانە وا دەژیام لە هەر چرکەیەکدا لە پێناوی پرنسیپە گرنگەکانی 'مافی کورد' و 'مافی ژن' و 'نەهێشتنی هەژاریی'دا بکوژرێم-شەهید بکرێم ، بەلٚام ئامادە نەبووم نە کەس بکوژم و نە کوشتن پەسەند بەکەم.

کە چوومە ناو بواری سیاسەتەوە، خۆم خاوەنی ئەزموونێکی سیاسی کوردیی بووم لە دایک و باوکمەوە، لە خوێندنەوە شەو و رۆژەکانی خۆمەوە تێگەیشتنێکی باشی 'فەلسەفەی سیاسیی' و 'زانستی سیاسیی' و 'رەخنەگریی سیاسیی' و' زانستی ئابووریی' و 'مێژوو' و 'کۆمەلٚناسیی' و 'ئازادی و مافی ژن (بە زمانی ئێستا یەکسانیی جێندەریی)' بووم. خاوەنی دوو خانوو بووم لەناو شاری سلەیمانیدا، مالٚی باوکم (لە گردی شێخ محێدین) و مالٚی خۆم (لە گەرەگی مامۆستایان)، هەردووکیانم وەک مقەرێک بۆ سیاسەتکردن و پێشمەرگایەتی ناوشار لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد دا بەکاردەهێنا، هەروەکو چۆن لە چاوهەلٚهێنانمدا بە منالٚیی بینیبووم دایک وباوکم مالٚیان کردبوو بە مقەری سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆ حەوانەوەی پێشمەرگە بریندار و مەخفیەکانی سەرەتای شەستەکان و کۆبوونەوەکانی ناوشار و پێشمەرگەکان.

جگە لە راهێنانی رۆشنبیریی بۆ ئەندامانی شانەکان بۆ ئەوەی خۆیان ببنە خوێنەری جیدی و سیمینارکار، سیمینارەکانم زۆر لا گرنگ بوو لەسەر ئەو بابەتانەی زۆرم لەسەر خوێندبوونەوە و تیایدا شارەزایم هەبوو. جگە لە بلٚاوکردنەوەی بەیانەکان لە نیوەشەواندا بە کۆلٚانەکان و مالٚەکاندا، جگە لە بەشداریی لە نووسینی دروشمی سەردیوارەکان، ئەرکی سەخت و مەترسیدارتریشم لەناو رێکخستنەکانی ناوشاردا جێبەجێکردبوو، وەکو یەکێک لە رێکخەرانی خۆپیشاندانە گەورەکانی شار (رێکخەرانی زۆر بوون) ئەرکم پێ سپێردرابوو. جگەلەوەی وەکو یەکێک لە رێکخەرانی مانگرتنی گشتی شاری سلەیمانی لە ١٩٨١ دا(رێکخەرانی زۆر بوون) ئەرکم پێسپێردرا بوو و ئەو ئەرکانەم لەگەلٚ ئەرکی زۆریتری لەوجۆرە پەسەند کردبوو لە رێکخستنەکانی ناوشاردا، ئەو دوکانانەی کە مانیان نەگرتبوو خۆم دەچووم شان بە شانی رێکخەرێکیتری ناو رێکخستنەکانی شار (ناوی نهێنی 'سۆران' بوو، هێشتا لە ژیاندایە و لە حیزبایەتی دوورکەوتۆتەوە) یەکە یەکە داوام لێدەکردن دوکانەکانیان دابخەن بۆ ئەوەی گشتگیر بێت مانگرتنەکە و بەشدار نەبن لە تاوانی لەسێدارەدانی ئەو خاوەن دوکانانەی کە مانیانگرتووە، هەتا ئەمان وەکو تاوانبار دواتر لە مێژوودا نەناسرێن. وەکو ئەمرۆ لە بیرمە کە پێم دەوتن تەنها یەک رۆژە مانگرتنەکە زەرەری مادیی زۆری نیە و ئەرکێکی گرنگیی مێژوویییە لە پێناویی رزگارییخوازی هەموو کوردە؛ هەموویان بەقسەیان دەکردم و دوکانیان داخست.

دەستم پێکردبوو بە دروستکردنی تیمی پێشمەرگەی ژن لە ناوشار، جگە لە خۆ راهێنان، بە راهێنانی پێشمەرگایەتی بۆ دوو ژنی ئازای ناو رێکخستنەکان و بریاروابوو ژنیتری بوێر و ئازای زیاتر لەناو رێکخستنەکانی شارەوە بنێرنە لام بۆ راهێنان بۆ ئەوەی تیمەکە گەشەبکات و گەورەتر بێت. شوێنی راهێنان مالٚەکەی خۆم بوو لە گەرەکی مامۆستایان و چەکی راهێنانیان دەمانچە چواردەخۆرەکەی خۆم بوو کە مولٚکی من بوو (لەبەر دز هەمبوو) زۆر جاریش بۆ چەند رۆژێکی کورت دەخوازرا لەلایەن شەهید دلٚشاد مەریوانی یەوە بۆ ئیشەکانی رێکخستنی ناوشار.

ئەمەوێت یەکێک لەو رۆژانەی راهێنانم بە ژنە ئازاکان دەکرد لەناو مالٚەکەمدا لە گەرەکی مامۆستایان بۆ ئەو مەبەستە، زۆر بە کورتی بگێرمەوە:

یەکێک لەو رۆژانەی 'ئاوارە' و 'تارا' دەهاتنە مالٚی من جیاواز لەو رۆژانەی کە دەهاتن بۆ کۆبونەوە لە سیمنارەکانمدا، راهێنان لەسەر چەک بوو بۆ ئاشنا کردنیان بە پێشمەرگایەتی. بەرنامەی راهێنانەکەم سەرەتا بە کردنەوەی دەمانچە و پاکردنەوەی و بەیەکبەستنەوەی، پاشان مەخزەنی دەمانچە پر کردن و بەتالٚکردنەوەی و شتیتری لەو جۆرە بوو، هەردووکیان باش ئەو بەشانە فێربوون. ئەم راهێنانە تایبەت بە ژن بوو بۆ دروستکردنی ئەو تیمە، ئەگینا کورێتر هەبوون کە من سەرپەرشتیاریی رۆشنبیریی سیاسیم دەکردن بەو کورەشەوە کە بوو بە هاوژینی تارا و هەروەها کەریم شەهاب-ی ئەکتەر، بەلٚام ئەم کۆبوونەوانەیتر بە گشتی لە مالٚی باوکم دەمکردن.

ئەو رۆژە، هەردوو کورە چکۆلەکانم (ئاری و دیاری) وەک هەموو جارێکیتری کۆبوونەوەی راهێنانی ئەو تیمە ژنە لەسەر چەک، لە ژوورە تایبەتەکەی خۆیان بوون بۆ یاریکردن لە مالٚەوە، ژوورە گەورەکەم بۆ یارکردنی ئەوان تەرخان کردبوو لەبری ئەوەی بیکەم بە ژووری میوان، ئێستا ئەوان بەهەمان شێوە کام ژوورەی گەورەیە لە مالٚەکانیاندا تەرخانی ئەکەن بە تایبەتیی بۆ یاریکردنی منالٚەکانیان.

ئەو رۆژەیان کاتی هاتبوو چۆنیەتی 'نیشانگرتن' و ' کۆنترۆلٚی دەست و راگرتنی سەرنج لەسەر نیشانە' فێری تارا و ئاوارە بکەم لەکاتی بەکارهێنانی چەک/ دەمانچەدا، بەو مەبەستە مەخزەنەکەم دەرهێنابوو لە دەمانچەکەم و خستبوومە سەر مێزی نانخواردنەکە لەبەری ئەوبەری ژوورەکەدا و دوور لەو قەنەفانەی لەسەری دانیشتبووین. خۆم چەند جارێک ئەوەم کرد لەبەر دەمیاندا بێ مەخزەن، نیشانەکەم بۆ دیاری کردن کە سەعاتە گەورەکەی دیواری سەر پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەم بوو.

ئینجا وتم: فەرموون، ئیتر ئێوە ئەوەی تێی گەیشتوون لە نیشانە گرتن و سەرنج لەسەر نیشانە ڕاگرتن و کۆنترۆڵی دەست دەستپێبکەن بە نیشانەگرتن لە سەعاتی سەردیواری پەنجەرەکە.

لەو کاتەدا، ئاری کوڕم لەدەرگای ژوورەکەی دا و (بۆیان نەبوو بێنە ژوورەوە لە کاتی کۆبوونەوەکانمدا) لەو دیوی دەرگاوە پێی وتم کە دیاری برای نایەڵێت فلانە یاری بەکاربهێنێت - لەبیرم نیە کام یاریە بوو شەڕیان بوو لەسەری- هەردووکیان تەمەنیان زۆر نزیک بەیەک و زۆرمناڵ بوون، من چووم ئەوە چارەسەربکەم و یەکدوو چرکەم پێچوو و گەڕامەوە بۆ ژووری دانیشتنەکە/ ڕاهێنانەکە.

کە گەڕامەوە دەمانچەکەم بەدەستی ئاوارەوە بوو، ئاوارە زۆر بوێر بوو زۆریش حەزی دەکرد زوو فێربێت، لێی پرسیم بە یەک چاو یان بە هەردوو چاو سەرنج لەسەر نیشانەکە ڕابگرم ؟ وتم هەندێک بۆ باشتر بینین بە یەکچاو سەرنج ڕادەگرێت و هەندێک بە هەردوو چاو، بە هەردوو جۆرەکە تاقی بکەرەوە بزانە کامیان باشترە لات.

ئەوەی کرد چەند جارێک.

پاشان ئاوارە ووتی: ئەی پاش سەرنج ڕاگرتن و دەست کۆنترۆڵکردن چی دەکەیت؟ منیش وتم: دەدست دەنێیت بە پەلەپیتکەکەدا بەرەو نیشانەکەت.

هەروام وت و ئاوارە زرمەی لە دیوارەکە هەڵساند، فیشەکەکەی نا بە تەنیشت سەعاتەکەوە، بەوە پەشۆکا و دەستبەجێ دەمانچەکەشی فڕێ دایە سەر ئەرزەکە و هەردووکیان ڕەنگیان سپی بوو بە پێوە وەستابوون و سەیری دەمانچە فڕێدراوەکەیان دەکرد. دیمەنێکی زۆر جوان بوو بەلامەوە دوو ژنی زۆر بوێر وا پەشۆکابوون، ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە بترسن، نەدەترسان، لەبەر ئەوە بوو پەشۆکابوون چونکە پێشتر تەقەیان نەکردبوو لەو ڕاهێنانەدا.

ئیتر زانیم لەو چرکانەدا کە من چوومەتە لای دوو کوڕەکەم، یەکێکیان مەخزەنەکەی لەسەر مێزی نانخواردنەکە هەڵگرتوە و خستویەتە ناو دەمانچەکەوە وەکو هەموو کاتی پێشتر لە ڕاهێنانەکەدا. بۆ ئەوەی لە پەشۆکاویی دەریان بهێنم، یەکسەر بە ئاوارەم ووت: "خێرا، خێرا دەمانچەکە هەڵبگرەوە و چەک فڕێ نادرێت پاش بەکارهێنانی." ئەویش خێرا هەڵیگرتەوە. پێم وت: "مەخزەنەکەی دەربهێنە و بیخەرەوە سەر مێزی نانخواردنەکە، قەت مەخزەن مەخەنەوە چەک لەکاتی ڕاهێنانی نیشانەگرتن دا". تارا کە هێشتا بە پێوە وەستابوو و حەپەسا بوو، پێم وت: فەرموون دانیشنەوە، ئەمڕۆ تێگەیشتن کە دەمانچە تەقەش ئەکات." پەشۆکاویەکە بوو بە پێکەنین. پاشان خۆم دەمانچەکەم ڕاکێشا بۆ ئەوەی بەتاڵبێتەوە و دڵنیابم گولەی نەچۆتە بەر، تێمگەیاندن کە: دەمانچە یان چەک لە کاتی تەقاندنیدا دەنگی هەیە و دەست ڕادەتەکێنیت، بۆیە ڕاهێنان پێویستە، هەموو جۆریکی چەک وەکو چۆن ئێستا دیوارەکەی کون کردوە و هەڵدڕیوە، هەرشتێک یان مرۆڤێک بکەیت بە نیشانە و بەرەوڕووی چەک بتەقێنیت، بەو جۆرەی دیوارەکەی لێدەکات کاتێک دەست بە پەلە پیتکەدا دەنێیت، گرنگە بزانیت چی دەکەیت و بۆ دەیکەیت لە بەکارهێنانی چەکدا؛ یاری نیە و بۆ خۆشیی نیە، تەنها بۆ کاتیی زۆر پێویستیە و لەو کاتەشدا بەرپرسیاریەتێکی یەکجار گرنگە و هتد.

دەنگی تەقەکە گەورە بوو، خەمم بوو خەڵکی گەڕەک زانیبیتیان و خەبەرمان لیبدەن و بگیرێین. خۆم بە تەنیا بە خێرایی چوومە کۆڵان و سەیرم کرد چەند ماڵێکی دراوسێ ی نزیکمان هاتوونەتە دەرەوە و قسە ئەکەن لەناو خۆیاندا سەبارەت بەو تەقەیە و پرسیاری لە کوێوە بووە و چی بووە؟ منیش ناچاربووم وەکو ئەوان سەرسوڕمانم پیشان بدەم و وتم : ئەوە چی بوو؟ من لەسەربان بووم گوێم لە تەقە بوو، دوو کوڕم بینی لەسەری کۆڵانەکەوە تێپەڕ بوون، لەوانەیە ئەوان بووبن. هەموو وتیان: "لەوانەیە ئەوان بووبن". دراوسێکانم ئارام بوونەوە، یەک لە دوای یەک ئەچوونەوە ماڵەوە، منیش وەکو ئەوان دەرگای حەوشەم داخست و هاتمەوە لای تارا و ئاوارە و ڕاهێنانیان.

ئەو ڕۆژەی زەنگی یەکەم کۆبوونەوەی هێرشی سووتاندنی زیلەکانی بەردەرکی سەرام پێگەیشت، تازە لە لای بەرگدرووە دیزاینەرە هونەرمەندە نایابەکەم دەگەڕامەوە، کاک حەمە عەلی (شاعیر مەدهۆش ١٩١٩-١٩٩٤) ی هونەرمەند و دیزاینەری جوان سەلیقە و بەکارهێنەری گۆڤاری دیزان و دروومانی گۆڤاری فاشنی'بوردە' لە سلەیمانی، ئەو دروستکاریی ئەناقەتی بەرگپۆشینی 'فاشن'ی ژنە گەنجە ڕەشیقەکانی ناو جەرگەی شاری سلەیمانی لە حەفتاکان و هەشتاکان دا بوو.

لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابووردودا لە کوردستان تەلەفۆنی مۆبایل و ئینتەرنێت نەبوو بۆ پەیوەندییکردن، تەنها تەلەفۆنی ماڵەوەمان هەبوو. ئەو ڕۆژەی لای مەدهۆشی شاعیر گەڕامەوە ماڵەوە ، لەگەڵ دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەی ماڵەکەم کردەوە (جامخانە شوشەکەی چوونە ژوورەوە لەو ماڵانەی بە ئارکیتەکی غەربی و داخراو لەناو حەوشەیەکدا دەناسران، ئەمە بەرامبەر بە ئارکیتەکی ماڵە دێرینەکانی ناو شار وەکو ماڵی باوکم کە لە جۆری ماڵێکی کراوە بوون بەناو حەوشەیەکدا بەوجۆرەی موبەق و حەمام لەدەرەوەی بەشی دانیشتن و نوستن دا بوو) گوێم لە زەنگی تەلەفۆنی ماڵەکەم بوو، بەپەلە وەڵامم دایەوە، شەهیدی شاعیر و ئەکتەر و نووسەر و سیاسیکار و هونەرمەند دڵشاد مەریوانی بوو( ١٩٤٧-١٩٨٩).

دوای هەواڵپرسین، من وامزانی بۆ بە بیرهێنانەوەی چونە لای هاوڕێیەکمان تەلەفۆنیکردوە، پێم ووت: " ببورە، ئەم عەسرە بوو کە دەتویست پێکەوە بچین بۆ حەوزە وشکە بۆ لای کاک عوسمان عەلی؟" زوو زوو پێکەوە سەردانی دوکانەکەی کاک عوسمان عەلی (١٩٤٤-٢٠٠٥) سیاسیکار و هونەرمەند و گۆرانیبێژی بەناوبانگ و ناسراوی سلەیمانیمان دەکرد لە حەوزە وشکە دوکانێکی چکۆلەی بەرگدرووی هەبوو جێگەی گفتوگۆ وکۆبوونەوەی ڕۆشنبیرانی سیاسیکاری ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، من و کاک دڵشاد مەریوانی چەند جارێک پێشتر چوبووین و جاروبار کەبابیشمان لەگەڵ خۆمان دەبرد لەوێ پێکەوە دەمانخوارد لەگەڵ کاک عوسمان عەلی و ئەویشی چای بانگ دەکرد بۆمان و پێکەوە دوای گفتوگۆیەکی سیاسیی هەرسێکمان ماڵئاواییمان لەیەکتری دەکرد و جیا دەبووینەوە بەرەو ماڵەکانی خۆمان. بەڵام دڵشاد مەریوانی لەو تەلەفۆنەیدا پێی ڕاگەیاندم سبەی کۆبوونەوەیەکی پێویست هەیە لە نێوان ئەو و من و سەرۆکی ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلەیمانی لە ماڵی ئەوان و دەوری پێش نیوەڕۆ. ئەڵبەت بەو وشانە نەیووتن، کەسمان بە ڕستەی ئاشکرا لە تەلەفۆن و ناو خەڵکیدا قسەکانمان نەدەکرد، لە ترسی گوێگرتن لە تەلەفۆنەکان و زانیاریدان بە خەڵکیتر سەبارەت بە ئیشەکانمان. دڵشاد مەریوانی بەم جۆرە ووتی: "سبەی بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی ماڵی خۆمانیت و 'وەستا' ش داوەتە و لێرە دەبێت لەگەڵمان، بەڵام هەوڵ بدە پێش نان خواردن لێرە بیت، سەعات ١١."

وتم: بەسەرچاو و زۆر سوپاس بۆ داوەتکردنەکە.

هەر دوای تەلەفۆنەکەی ئەو، هەردوو کوڕە چکۆلەکەم برد بۆ لای باوکم (ماڵەکەی گردی شێخ محێدین) وەکو هەموو ئەو کاتانەیتر کە ئیشی سیاسیم هەبوایە یان باوکم دەهات و دەیبردن یان من دەمبردن بۆ لای، باوکم ئاگاداری سیاسەتکردنی من بوو و ماڵەکەشی کە تیا دەژیا جێی زۆربەی کۆبوونەکانم بوو، پەروەردەکار و متمانەپێکراووم بوو و هیچم لێ نەدەشاردەوە.

بۆ سبەی سەعات ١١ ی پێش نیوەڕۆ بوو گەیشتمە ماڵی دڵشاد مەریوانی.

کە گەیشتم کاک دڵشاد مەریوانی دەرگای حەوشەکەی لێکردمەوە ، خاتوو شیرین کاف-ی هاوژینی لە دەوام بوو، 'وەستا' هێشتا نەگەیشتبوو، کاک دڵشادیش وەکو هەموو پیاوانی چینی مام ناوەندیی شەستەکان حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابووردووی خەڵکی ناو شاری سلەیمانی، هاوکاریی یەکسانی هاوژین و خێزانەکەیان بوون لە ماڵدا (باوک و برا و زاواکانم هەروا بوون) نان و سەوزە و زەڵاتەی ئامادەکردبوو و خەریکی سوورکردنەوەی گۆشتی قوتوو بوو، ووتی: "ئەم گۆشتی قوتوانەمان تایبەتە و لە بازاڕدا دەستناکەون و لە خاریجەوە بۆ هاتووە، دڵنیام پێشتر نەتانخواردوە و زۆر بەدڵتان ئەبێت."

هەر ئەو قسەکەی تەواو کرد و شەهید جەمال تاهیر (١٩٤٣- ١٩٨٣) سەرۆکی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلەیمانی زەنگی دەرگاکەی لێدا و گەیشت، ئەو ئەوکەسە بوو کە کاک دڵشاد مەریوانی بۆشاردنەوەی نهێنییەکانی ڕێکخستنەکانی شار لە تەلەفۆن و ناو کۆبوونەوەکانی ڕێکخستن دا ناوی نەدەهێنا و پێی دەوت 'وەستا'.

پێشتر کاک جەمال تاهیرم دەناسی و ئاگاداری ئەوە بوو کە دروستکردنی تیمێک لە پێشمەرگەی ژن لەناو شاری سلەیمانیدا دەستی پێکردوە، باسی ئەو تیمە و مەبەست لێی گرنگیدان بوو بە ڕۆڵی زیاتری ژن لە سیاسەتدا و پرسی یەکسانیی جێندەریی ژنان بوو، دوو سێ جاریش بە دوو بەدوو یان بە ئامادەیی کاک دڵشاد مەریوانی کۆببوینەوە. ئەو ڕۆژە هەرسێکمان پێکەوە لەسەر نانخواردنی نیوەڕۆ - کەمێک زووتر لە نیوەڕۆ، یەکەم کۆبوونەوەکەمان کرد سەبارەت بە هێرشی سووتاندنی ژمارەیەکی زۆر لە زیلە سەربازیەکانی حکومەتی حیزبی بەعسی عەرەبی عێراق (حیزبی بەعس جگە لە عێراق بەشی سوریای هەبوو و بە باڵێکی باشتر ناسرابوون لەوانەی عێراق) لەناو شاری سلەیمانیدا.

بیرۆکە و ئەندازیاری هێرشەکە شەهید دڵشاد مەریوانی بوو( ڕێکخەری پۆلی قەڵا لە ڕێکخستنەکانی ناوشار کە من تیا ئەندام بووم)، پەسەندکاری هێرشەکە شەهید جەمال تاهیر بوو (سەرۆکی هەموو ڕێکخستنەکانی ناوشار لە هەمانکاتدا پەسەندکار و بە ئاگا بوو لە دروستکردنی تیمی پێشمەرگەی ژن لەناو شاردا)، هێرشەکە بە ئاگاداریی کاک نەوشیروان بوو سکرتێری(سەرۆکی) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، سەرپەرشتیاریکردنی (ئەو کات بە ژنیان نەدەوت فەرماندە، دەیانووت سەرپەرشتیار) ڕۆژی هێرشەکە سپێردرا بوو بە من لەناو خۆیاندا بەر لەم کۆبوونەوە سێ کەسیەی نێوانمان لە ماڵی دڵشاد مەریوانیی.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوە سێ قۆڵیەماندا، ئەوان بەر لەوەی باسی ئەوە بکەن کە هێرشەکە چیە، کەموزۆر ئەمەیان بە من وت: کۆبوونەوەکە سەبارەت بە هێرشێکە لەنو جەرگەی شاری سلەیمانیدا، دواتر ئەچینە ووردەکاریەکانەوە، بریار دراوە کە ڕۆژی هێرشەکە تۆ سەرپەرشتیاریی هێرشەکە بکەیت و دڵنیا بیت لە سەرکەوتوویی ئەنجامدانی ئەو هێرشە، ئەو دوو ژنەی ڕاهێنانت پێکردوون بە مەبەستی درووستکردنی تیمی پێشمەرگەی ژن لە ناو شاردا، وەک یەکەم ئیشیان دەبێت بەشداریی بکەن.

من پرسیم: بە تەنیا ئەو دوو ژنەم هەیە لەو ڕۆژەدا بۆ ئەنجامدانی ئەوە؟

وتیان: لەگەڵ دوو پیاوی بوێر و ئازایتر کە ئەوانیش یەکەم جاریانە بەشداریی لە هێرشی وادا بکەن و ئەوانیش لە ژێر سەرپەرشتیاریی تۆ دەبن لەو ڕۆژەدا. بەو جۆرە بە کۆی حەوت کەس بوو تیمی هێرشی سووتاندنی زیلەکانی بەردەرکی سەرا؛ چوار پیاو سێ ژن.

دوای ئەوە باسیانکرد هێرشەکە چیە، هەموو وردەکاریەکان و ئەرکی من هەر ئەو ڕۆژە لەو کۆبوونەوەیەدا باسکرا و تاوتوێمان کرد و ڕامان گۆڕیەوە، وەکو ئیشی هەر فەرماندەیەکی پێشمەرگە و زیاتریش چاوەڕوانیم لێدەکرا لە لای هەردووکیانەوە، هەر لەبەر ئەوەشبوو کەسی ئیحتیات دانەنرابوو بەهاناوە بێت لە کاتی پێکداداں لەو ڕۆژەدا بۆ یاریدەدانم. پێداگیریان دەکرد لەوەی لەکاتی ترساندن و شڵەژان ، یان ئامادە نەبوونی هەرکام لەو چوار کەسەیتردا لە ڕۆژی هێرشەکەدا یان نەکردنی هەر بەشێکی ئەرکی سووتاندنەکە لە ڕۆژ و کاتی هێرشەکەدا بەهەرهۆیەک بێت، ئەرکی منە کە بە تەنیا خۆم هەموو پلانی سوتاندنی زیلەکانی بەردەرکی سەرا بگرمە دەست و جێبەجێیی بکەم. وتیان ئەو پلانە نابێت نەکرێت و لە شاخ چاوەڕێی هەواڵی سەرکەوتنی ئەو هێرشەن. بەهەمان شێوەش، لەکاتی هەر پێکدادانی نەخوازراوودا، ئەرکی من بوو بە سەرکەوتووی پارێزگاریی لە خۆم وتیمەکەم بکەم (ئەو دوو ژن و دوو پیاوەی دیارییکرابوون بەش بەشی هێرشەکە بە ئەنجام بگەیەنن) هەتا ئەوان دەرباز دەبن، بەو مەبەستەش پێویستە دەمانچەکەم لەگەڵ خۆم ببەم لە ڕۆژی هێرشەکەدا. پاش تەواو بوونی هێرشەکە لە شوێنی دیاریکراودا 'لای شەخسەکەی پیرمەسووور (پیرمەنسور)' لە گەڕەکی سەروو شوێنی ئەنجامدانی سوتاندنی زیلەکان، دڵشاد مەریوانی ببینم و ئەنجامی هێرشەکە و بەئاگا هێنانەوەی لە سەلامەتی یان گرتنی هەر یەکێکمان ڕابگەیەنم، بۆ ئەوەی ئەو و ئەوانیتر کە یەکمان ناسیوە و پێکەوە ئیشێکمان کردوە، هەموویان خۆیان بشارنەوە نەکا بگیرێن.

هەموو زانیاریی و مەبەستەکەم پێکەوە لێکدایەوە لەو کۆبوونەوەیەماندا، هەڵسەنگاندنم بۆ پالنی هێرشەکە کرد و دیاربوو ئەگەری زۆری هەبوو هێرشێکی بێ زیانی مرۆیی بێت. لە ڕووی سیاسیشەوە بەلامەوە زۆر پەسەند بوو، ترساندن و زەرەر گەیاندنێکی گرنگبوو بە زیلەکانی سوپای عێراق و پەیامێکی گرنگی سیاسی بوو بۆ حکومەت کە تەبعیس و عەرەباندنی عێراق و هەڵاواردنی نێگەتیڤی نەتەوەیی بەرامبەر کورد ڕابگرێت. لەبەرئەوە دەستبەجێ، پێم ووتن، ئامادەم ئەرکی سەرپەرشتیاریی کردنەکەی بگرمە دەست؛ پەسەندم کرد

لە سیاسەت و پێشمەرگایەتیمدا چ لەشار و چ لە شاخ، گرنگ نەبووە دەکوژرێم یان نا، بەڵام زۆر گرنگبوو بەلامەوە چی دەکەم و چی نابێت بکەم و ڕەتیبکەمەوە.

لەو کۆبوونەوەیەماندا کۆی بۆچوونەکانی یەکتریمان پەسەند کرد.

لە کۆتاییدا بریاردرا: دوو ژنە بوێر و ئازاکانی لای من:خاتوو تارا (خاتوو بەهرە ڕەشید کە خانەنشین کراوە بە پلەی موقەدەم وەتا ئێستاش هەر ئەندامی حیزبییە، خۆشحاڵم لە ژیاندایە و لە بەشێکی بیرەوەریەکانیدا لە کتێبی 'گوڵدانی ژن' ی خاتوو نەرمین عوسمان دا باسی سووتاندنی زیلەکانی سلەیمانی کردوە بەڵام بەو جۆرەی کە گوایە تەنها ئەو و ئاوارە بوون، لەماڵی خۆیدا لە ٢٠٢٠ دا لە سەرچنار، لێم پرسی بۆ ئاماژەیەک یان بە دێڕێکیش باسی من و ئەوانیتری نەکردوە لەو هێرشەدا؟ وتی نزیکەی ٣٠ لاپەڕەی دووروودرێژی لەسەر ژیانی خۆی ناردوە وجێی نەبۆتەوە بۆ بڵاوکردنەوە. پەرلەمانی کوردستان خەڵاتیان کرد). خاتوو ئاوارە (خاتوو سەرگوڵ مەحمود کە دواتریش زیندانیی و پێشمەرگەی شاخ بوو، دوای ڕاپەڕینیش ئەفسەری پلە بەرز بوو لە هێزەکانی حەفتا دا، هێشتا ئەندامی حیزبییە، نازانم خانەنشین کراوە یان نا، خۆشحاڵم کە لە ژیاندا ماوە، شایانی ئەوەیە خەڵاتبکرێت.

هەروەها، دوو پیاوی زۆر بوێر و ئازا: یەکێکیان 'سۆران' (کاک شێخ عەلی شێخ ئیسماعیل، ماڵی باوکی دراوسێی دەستی ڕاستی من بوون لەگەڕەکی مامۆستایان، خۆشحاڵم لە ژیاندا ماوە، شایانی وەرگرتنی خەڵاتە). لەگەڵ ئەو پیاوە ئازایەتر شەهید هاوڕێ (زۆر دواتر شەهیدکرا) برای خاتوو شیرین کاف-ی نووسەر و هونەرمەند بوو، کوڕی مەلا کەمالی موحامی بوو.

ئەرکی دڵشاد مەریوانی وەکو ئەندازیاری هێرشەکە، ئەوە بوو کە زانیاریی تەواو کۆبکاتەوە لەسەر کاتی نانخواردنی سەربازەکان و شوێن گۆڕین و نەگۆڕینی وەستانی زیلەکان، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە ڕۆژی ئەنجامدانی هێرشەکەدا بەهەمان جۆر دەبێت، ئەوە زۆر گرنگ بوو بۆ ڕۆژی هێرشەکەمان. هەروەهاش بریاردرا کاک دڵشاد کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو چوار کەسەیتر بکات و منیش بۆ هەموو کۆبوونەوەکان لەسەر ئەو هێرشە بانگ بکات و بەشدار بم بۆ ئەوەی لە هەموو زانیاری و بۆچوون و سەرنج و ڕاکان بە ئاگا بم بەر لە ڕۆژی هێرشەکە.

ئەوە کۆبوونەوەی یەکەم و کۆبوونەوەی بڕیاردان بوو کە هێرشەکە بکرێت و پلان و تیمی هێرشەکە دیاریی کران و ئەنجامدانی پەسەند کرا و بریارمان دا ڕۆژەکەی پاش کۆکردنەوەی تەواوی زانیاریەکان و کۆبوونەوەی کاک دڵشاد مەریوانیی لەگەڵ ئەو چوارەیتر بێت؛ بەتەواویی لە دەستی کاک دڵشاد مەریوانیدا بوو بڵێت کام ڕۆژە دەبێت بکرێت.

دوو سێ کۆبوونەوەیترمان دوا بە دوای ئەوە کرد، هەموویان بە ئامادەبوونی من و دڵشاد مەریوانیی و ئاوارە و تارا و سۆران بوون، ئەو دوو کۆبوونەوەیە تایبەت بوون بە ووردەکاری ئیشەکانی 'سۆران' و 'ئاوارە' و 'تارا' و سەرنجەکانیان. وەکو هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو هێرشە لە ماڵی دڵشاد مەریوانی بوون، ئیشی من چیترقابیلی تاووتوێکردن نەبوو لەو کۆبونەوانەدا و باس نەدەکرا، جگە لە باسی ئەوەی چوار پێنج میزەڵدانی بچووکی پڕ بەنزین و شقارتەیەک و دەمانچەکەم دەبەم لەگەڵ خۆمدا لە ڕۆژی هێرشەکەدا.

شەهید هاوڕێ بەشدار نەبوو لە هیچ کام لەو کۆبوونەوانەدا و ناویشی نەدەهێنرا، بۆ پاراستنی نهێنی بوو بەلامەوە، بەڵام دواتر ئەگەری ئەوەم کرد کە گۆڕیبوویان بە پیاوێکیتر، هەروەهاش سەرۆکی ڕێکخراوی ڕێکخستنی شار شەهید جەمال تاهیر بەشدار نەدەبوو لە کۆبوونەوەکانی دوای کۆبوونەوەی یەکەم و باسیش نەدەکرا.

دڵنیا نیم و نازانم  شەهید هاوڕێ گۆڕدرا بوو بۆ پیاوێکیتر یان هەر ئەو بوو لە ڕۆژی هێرشەکەدا کە من بینیم، لەبەر ئەوەی پێشتر نەمدی بوو ناتوانم بڕیار بدەم، بەڵام ئەوەی لە ڕۆژی هێرشەکەدا بینیم کوڕێکی گەنجی زۆر ئازای باڵا مام ناوەندیی بوو.

ئەرکەکانی سۆران و هاوڕێ (یا ئەو کوڕە ئازایەیتر) و ئاوارە و تارا، کە هەموویان کەسانی زۆر بوێر و ئازا بوون، بریتی بوون لەمانە:

لە ڕۆژی هێرشەکەدا بڕیار بوو سەعآت ١٢ و نیوی نیوەڕۆ هێرشەکە بکرێت، ئیش و ئەرکی من سەرپەرشتیکردنی هێرشەکە بوو بڕرابۆوە هەر لەسەرەتاوە، سەرخستنی هێرشەکە بێت. لە جانتاکەمدا دەمانچەیەکی چواردەخۆر و چوار میزەڵدانی چکۆلەی پڕ بەنزین و چەرخێک و موستیلەیەکی سەر بەدەرزی تیادا بوو، لە حاڵەتی هەر پێکدادانی نەخوازراودا من پارێزگاریی ئەوانم دەکرد هەتا دەرباز دەبوون، لەحاڵەتی نەهاتن وترسانی هەر یەکێکێکیاندا خۆم ئەرکەکەی ئەوانم بەجێ دەگەیاند، سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت پێشهاتەکان جۆرێکیتر بن لە ڕۆژی ئەنجامدانی هێرشەکەدا و دەبێت ئامادە بم بۆی و دەستم ئاوەڵا بێت لەوەی چی و چۆن ئەیکەم.

ئیش و ئەرکی هەردوو لە ' ئاوارە' و 'تارا'  سنووردار بوو بەڵام زۆر گرنگ بوو، ئەوە بوو کە بە خێرایی بەلای ریزی زیلە وەستاوەکان دا تێپەڕ بن و بەنزین بڕێژن بەسەر تایەی زیلەکاندا بەو جۆرەی  هەرزیلێک تایەیەکی دواوە و تایەیەکەی پێشەوەی بەنزینڕێژ بکرێت بۆ ئەوەی باش گڕ بگرێت وعەسکەرەکان فریای کوژاندنەوەی نەکەون. تارا لە ئەوەڵی ڕیزی زیلەکانەوە دەست پێبکات هەتا ناوەندی ڕیزەکە وئاوارە لە ناوەندی ڕیزەکەوە دەستپێبکات هەتا کۆتایی ڕیزی زیلەکان، هەردوو بە پەلە و بێ وەستان و ئاوەڕدانەوە دوای تەواوکردنی ئیشەکەیان بڕۆن و لەو شوێن و ناوچەیە نەمێنن، لە حاڵەتی هەر پێکدادانی نەخوازراوودا من پارێزگارییان لێبکەم هەتا دەرباز دەبن؛ ئەوان ڕۆیشتبوون و لەوێ نەبوون کە زیلەکان گڕیان تێبەردران و نەیانبینی.

ئیش و ئەرکی دوو کوڕە ئازاکەش 'سۆران' و 'ئەویتریان کە دڵنیا نیم هاوڕێ بوو یان کەسێکیتر'، دیاریکراو و گرنگ بوو، چونکە بێ ئەوان بەنزینەکە خۆی گڕی نەدەگرت، بڕیار وابوو کە هەریەکەیان چەرخی جگەرە داگیرسانیان پێ بێت و دڵنیا بن چەرخەکە ئیش دەکات،  سەعات ١٢ و نیو لە لای زیلە ڕاگیراوەکانی بەردەرکی سەرا بن و من لەوێ چاوەڕێیان دەبم و لە حاڵەتی هەر پێکدادانی نەخوزراودا من پارێزگارییان لێ دەکەم هەتا دەرباز دەبن. دوابەدوای ئەوەی ئەو دوو ژنە ئازایە بەنزینەکە دەڕێژن بەسەر تایەی زیلەکاندا ئەمان وەکو جگەرە کێشێک جگەرەکانیان بخەنە سەر تایەکان ئەگەر نەیانتوانی ڕاستەوخۆ چەرخ لە تایەکە بدەن تا گڕ دەگرێت، ئیشی سۆران و ئەو کوڕە ئازایەیتر، ئەوەبوو کە سۆران لە ئەوەڵی ڕیزی زیلەکانەوە دەستپێبکات هەتا ناوەندی ڕیزەکە، ئەو کوڕەیتر لە ناوەندەوە دەستپێبکات هەتا کۆتایی ریزی زیلە وەستێراوەکانی نزیک بە فولکەکەی بەردەرکی سەرا، بەهەمانشێوەی ئاوارە و تارا، بێ وەستان و ئاوڕدانەوە هەردووک لە سۆران و هاوڕێ پاش تەواوکردنی گڕتێبەردانی زیلەکان بە پەلە شوێن و ناوچەی هێرشەکە بەجێ بهێڵن و بۆ یەک چرکە لەو ناوە نەوەستن.

بڕیار بوو ڕۆژێک پێش هێرشەکە کاک دڵشاد تەلەفۆن بۆ تارا و ئاوارە بکات و بچنە ماڵی ئەو و یەکی چوار میزەڵدانی  قەوارە بچووکی پڕ لە بەنزین لەوێوە بخەنە ناو جانتاکانیان لەگەڵ ئەو ئەڵقەیەی سەر بە دەرزی-سوژن بوو دەکرایە سەر پەنجەی دۆشاومژە (دیزاینەکەی بیرۆکەی دڵشاد مەریوانیی بوو) بۆبە ئاسانیی ڕشتنی بەنزینی ناو میزەڵدانەکان بەسەر تایەی زیلەکاندا.  هەر یەکەمان ڕۆژی هێرشەکە لە ماڵەکانی خۆمانەوە بەرەو بەردەرکی سەرا بە ڕێ بکەوین و لەوێ هەر لەو شەقامەی هێرشەکەمان تیا دەکرد کەمێک لەسەرەوەی شوێنی زیلەکاندا من چاوەڕێی گەیشتنیان بم.

ڕۆژ و کاتی هێرشەکە:

سەعات ١٢ و نیوی نیوەڕۆ کاتی دیاری کراوبوو بۆ هێرشەکە، من کەمێک پێش ئەوانیتر گەیشتم وەکو پێویست، دەستم لەسەر دڵم بوو نەکا پێش دەستپێکردنمان ئاشکرا بووبین، یان لەکاتی جێبەجێکردندا ئاشکرابین ویەکێکمان بگیرێین؛ ژنەکان بە بەنزین و دەرزی ناو پەنجەکانیانەوە، پیاوەکان بە چەرخی ئاگر کردنەوەوە، منیش لە هەموویان خراپتر بە دەمانچەیەک و بەنزین و دەرزی ناو پەنجەکانم و چەرخی ئاگرکردنەوەوە.

کاک دڵشاد مەریوانی دوور بوو لە شوێنی هێرشەکە، لای شەخسەکەی پیرمەنسوور چاوەڕێی من بوو دوای تەواوکردنی هێرشەکە و تەنها من دەمزانی ئەو لەوێ چاوەڕێیە نەک لە ماڵەوەی.

بەر لەوەی ئەوانیتر بگەن، چاوم دەگێڕا نەک هەر بۆ ئەوەی دڵنیابم هاتوون، بەڵکوو بیرم لە کونج و قوژبنی شەقام وکۆڵانەکان دەکردەوە وچۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتی نەخوازراووم هەڵدەسەنگاند. چەند ڕۆژێک پێشتریش خۆم هاتمە ئەو شوێنە و لە یەک دوو لە چێشتخانەکانیدا دانیشتم و بۆ ئەوەی بزانم لە ڕۆژی هێرشەکەدا عەسکەرەکان هەتا چەند بە ئاگا دەبن لە زیلەکانیان، چێشتخانەکان ناووەیان کەمێک قوڵتربوو لە شەقامەکە و بەجۆرێک مێزەکانی ڕێکخرابوون کە قەرەباڵغی دروستدەکرد لەناوەوە، ویستم بزانم ئەگەر بێتوو هەوڵی گرتن یان بەرەوڕووبوونەوە ڕوبدات ئەوان چۆن و لە کوێوە دێنە دەرەوە بۆسەر شەقامەکە و من کام کۆڵان و شەقامم بەدەستەوە دەبێت بۆ بەرەنگاریی کردن و خۆ پارێزیی و پارێزگاریی لەوانیتر.

ئیتر کاتی قاوەڵتی نیوەڕۆ بوو، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە زیلەکان هەندێکجار نزیکەی دەرزەنێک دەبوون، بە ڕۆژ کەوتبوو، ئەو ڕۆژە ژمارەیان شەش زیل بوون، بەتاڵبوون و لەبەر دەمی شەقامی چێشتخانەی بەردەکی سەرا بە ڕیز ڕایان گرتبوون، بەرامبەر بە شوێنی گەراجەکەی لە تەنیشت بازاڕە سەرداخراوەکە بوو، هەتا ئەم دواییانەش ئەو شەقامە هەر پڕ لە چێشتخانە بوو لە مەیدانی شاردا.

ئەو ڕۆژە زۆر گەرم بوو، یەک سەرباز و تەنانەت یەک کەسیش لەسەر شەقامەکە نەبوون زۆربەی کاتەکە، سایەق و ئەو یەکدوو سەربازانەیتری کە لە زیلەکاندا بوون پێکەوە وەکو هەموو ڕۆژێکتر لە ژوورەوە لە ناو چێشتخانەکە بوون و خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆ بوون، برنج و فاسۆلیا گرنگترین خواردنی ئەو چێشتخانانە بوو.

گەرمەی نیوەڕۆی چلەی هاوین بوو، هێندە گەرم بوو زۆرینەی زۆری خەڵکی لە ماڵەکانیاندا لەبەردەمی ساردکەرەوە (موبەریدە) دانیشتبوون، ئێمە لەو گەرما پڕوکێنەرەی هاویندا وەکو پشکۆی ئاگر داگیرسابووین لەبەردەرکی سەرا، من و هەردوو ژنە ئازاکانیتر بە تەنوورە و کراسی بێ قۆڵ و نیوقۆڵەوە بووین لە گەرمادا، دوو پیاوەکەش بە پانتۆڵی کاوبۆ و کراسی نیوقۆڵەوە. من لەسەرەوەی  شەقامی چێشتخانەکەوە وەستابووم (شوێنی دەستپێکردنی هێرشەکە) بە پێچەوانەی بەردەرکی سەرا بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵاتنماندا شەقام و کۆڵانی جیامان لەبەردەستدا بێت لە فولکەکەی بەردەرکی سەراوە.

یەکەم کەس ئاوارە گەیشت و بینیم و قسەم لەگەڵ کرد سەبارەت بە چۆنیەتیی دەستپێکردنەکە، چەند چرکەیەک دوای ئەو تارا گەیشت و بینیم و ئەوەی بە ئاوارەم وتبوو دووبارەم کردەوە بۆی، ئەو ڕۆژە سۆران و ئەو کوڕەیترم هەتا دوای بەنزین ڕشتنەکە نەدی لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەمان دوای بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی ئاوارە و تارا بوون، خۆیان حەشار دابوو و چاوەڕیان ئەکرد سەرەی ئەرکی ئەوان بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دوو پیاوە ئازاکانم نەدی، بە هەردووک لە ئاوارە و تارام ووت دەست پێبکەن و نە لەکاتی بەنزین ڕشتندا سەرنجیان لەسەر خەڵک بێت و نە دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیان سەیری کەس بکەن و ئاوڕبدەنەوە، بەڵکوو بەهەمان خێرایی بڕۆن و نەوەستن و بە پەلە ئێرە بە جێ بهێڵن بە هەرجۆرێک بۆیان دەکرێت. بە تارام وت هەر لای منەوە دەستپێبکات وبە ئاوارەم وت لە ناوەڕاستەوە دەست پێبکات هەر یەکەی تەنها بەنزین بەسەر سێ زیلدا بکەن( شەش زیل ڕاگیرابوون ئەو ڕۆژە) بۆ ئەوەی زوو تەواوبن بەر لە بینیان ئەگەر سێ زیلیان بۆ نەکرا ئەوا دوو زیل بکەن، گرنگە زوو تەواوبن بەر لەوەی ببینرێن.

ئەو دوو ژنە وەک ئەوەی چاوەڕێم لێدەکردن زۆر ئازایانە و لەچاوتروکاندنێکدا دەستیان کرد بە بەنزین ڕشتن بەسەر تایەکاندا و لەوێوە یەکسەر بەهەمان خێرایی بەنزین ڕشتنەکە بەردوام بوون بۆ بەجێهێشتنی ناوچەی هێرشەکە، یەکەمیان کە دەرباز بوو ئاوارە بوو چونکە ئەو نزیکتر بوو لە فولکەکەی بەردەرکی سەرا و دەرباز بوو بەرەو شەقامی مزگەوتی گەورە. پاش دوو چرکەیتر تارا دەرباز بوو بەهەمان شەقامی بەرەو مزگەوتی گەورە و هەردووکیان دوور کەوتنەوە لە شوێنی سوتاندنی زیلەکان؛ لە چەند چرکەیەکدا ئیشی ئەوان تەواوبوو.

چاوم گێڕا بۆ دوو پیاوە ئازاکانی تیمەکە، بۆ چرکەیەک نەمدین، خەمی ئەوەم بوو بەنزینەکە ووشک ببێتەوە، دەستم کرد بە جانتاکەمدا کە جگە لە دەمانچەکەم، چوار میزەڵدانی بچووکی پڕ بەنزین و چەرخێک و ئەو موستیلە سەر دەرزیەی لە دەستم دەکرد تیایدا بوو، ویستم چەرخەکە دەربهێنم، بە پەلە نزیک بوومەوە لە زیلی یەکەمی سەرەتای ڕیزەکە کە نزیک بە من بوو و ویستم خۆم گڕبەردەمە زیلەکان، لە پڕ سۆران-م دی لەبەردەمما گڕی لە یەکەم زیل بەردا ، من لەسەرخۆ پاشەکشەم کرد و سەیری ناوەڕاستی ڕیزی زیلەکانم کرد ئەو کوڕەیترم بینی لە ناوەندی ڕیزی زیلەکانەوە وەستابوو دەستی بە گڕ تێبەردان کرد، هەردووکیان پێکەوە لە چاوتروکاندێکدا گڕیان لە زیلەکان بەردا و هیچیکام لە زیلەکانیان جێنەهێشت بە بێ سووتاندن.

چاودێرییم دەکردن بۆ دڵنیایی سەلامەتییان و دەمویست دواکەس بم ئەوێ بەجێ بهێڵم، لە چاوتروکاندنێکدا گڕ و دوکەڵ چوو بە ئاسمانی شاری سلەیمانیدا، دەتووت ڕۆژی نەورۆزە و ئاگر کراوەتەوە، هەتا ئەوکاتی نەمدیبوو گڕ هێندە بە خێرایی پەرەبسەنێت، من لە عەسکەرەکان و خەڵکەکە زیاتر حەپەسابووم بەو خێرایەی پەرەسەندنی گڕگرتن، هەموو ئەوانەی لە چێشخانەکاندا بوون بە سەرباز و خەڵکەکەوە ڕایانکردبوە دەرەوە وشڵەژان دروستبوو، خەڵکی سەیری سوتانی زیلەکانیان ئەکرد. ئەوە باشبوو بەلامەوە کە قەرەباڵغی دروست بوو، چونکە لەناو قەرەباڵغیەکەدا وون دەبووین.

سۆران ئیشی خۆی زوو تەواوکرد و خێرا ئەوێی بە جێهیشت نەمدی بەرەو کوێ، لەبەر بینیم کوڕە ئازاکەیتر پاش ئەوەی ئیشەکەی خۆی تەواوکرد بۆ یەکدوو چرکەیەک لای فولکەکەی بەردەرکی سەرا وەستابوو و لەوە ئەچوو نەیدەویست بەجێم بهێڵێت. ئەوە سەرنجی ڕاگرتبووم و نەمدەویست بوەستێت، ترسام بگەڕێتەوە بەرەو لای من کە لەم سەرەوە وەستابووم، بەو بەردا ( لە بەرئەوەی تینی ئاگری زیلە سووتاوەکان نەگاتە بەنزینی ناو جانتاکەی من) بە خێرایی ڕۆیشتم بەرەو ڕووی ئەو و فولکەکەی بەردەرکی سەرا، هەموو ڕێگەکەم بە جووڵەی دەمم و بە کەمێک تورەییەوە- لەبەر خاتری خۆی- پێم ووت برۆ؛ بڕۆ مەوەستە. باش بوو زوو تێگەیشت، بەر لەوەی بگەمە لای خێرا ڕۆیشت و من چەند مەترێک بەدوایەوە دەڕۆیشتم بێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتریی بکەین هەتا گەیشتینە لای بەردەمی سینەما دڵشاد - لای بازاڕی دۆلارەکەی ئێستا، لەوێ ئەو سواری تەکسیەک بوو و ڕۆیشت.


ئیتر من دڵنیا بووم کە هەموویان دەرباز بوون و بە سەلامەتی، هەر لەوێ لای بازاڕیی دۆلارەکەی ئێستا منیش سواری تەکسیەک بووم بەرەو پیرمەسوور.گەیشتمە لای شەخسەکەی پیرمەسوور و کاک دڵشاد مەریوانی لەوێ بوو چاوەڕێی ئەکردم، دڵنیام کردەوە وەکو هەموومان دەتوانێت بە سەلامەتی بچێتەوە ماڵەوە و بێ خەم بێت لە ئاشکرا نەبوونی کێ زیلەکانی بەردەرکی سەرای سلەیمانی سووتاند.

ئەو وتی هەواڵەکە دەنێرن بۆ شاخ و لە ڕادیۆ بە هێرشێکی سەرکەوتوو و سەربەرزیی بڵاو دەکرێتەوە. دوای نزیکەی هەفتەیەک یان دوو، کاک دڵشاد مەریوانی نامەی کاک نەوشیروانی بۆ هێنام، بە خەتی کاک نەوشیروان خۆی و بە مۆری سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، سوپاسی کردبووم لە نامەکەیدا بۆ سەرپەرشتیاریی ڕۆژی هێرشی سووتاندنی زیلەکانی بەردەرکی سەرا.

## شاری سلێمانی

لە ١٤ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان ەوە ئاوەدانکراوەتەوە. ئیبراهیم پاشا بابان شارەکەی بە ناوی باوکییەوە، سلێمان پاشا، ناوناوە. سلێمانی جگەلەوەی دەبێتە پایتەختی میرنشینی بابان، لەهەمان کاتدا دەبێتە مەڵبەندێکی بازرگانی و ڕۆشنبیری ناوچەکە.[٦] شێوەزاری سۆرانی لە ناوچەکەدا پەرە دەستێنێ و دەبێتە زمانی خوێندن و نووسین. پاش ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١ و لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانیی یەکەم، شاری سلێمانی دەخرێتە سەر کۆماری عێراقی ئەمڕۆ. لە ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ شاری سلێمانی پایتەختی دەوڵەتەکەی مەلیک مەحموود بووە. شاری سلێمانی جگە لەوەی لانکەی ڕۆشنبیر و تێکۆشەران بووە، مەڵبەندی هەڵگیرسانی چەندان شۆڕش و ڕاپەڕینیش بووە لە مێژووی کوردستاندا. بەپێی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥٥ پانی ڕووی شاری سلێمانی ٢٠ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار مەترە و ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ٦٠ هەزار کەس و نزیکەی ٧ هەزار خانووی تیادایە. لە شەش گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە ئەوانیش کانی ئاسکان، گۆیژە، مەڵکەندی، سەرشەقام، چوارباخ، دەرگەزێن گەڕەکی جوولەکانی جارانیش کە ئێستا خراوەتە سەر گەڕەکی سەرشەقام.

ویکیپیدیا



وێنەی چەند مامۆستایەکی یەکەمین خوێندنگەی سەرەتایی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٤



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## بەختیار بەمۆ

- 1962 لە بناری بەمۆ لەدایك بووە.
- 1975 بەشی هونەری وسەنعەتی ئێران-ئەڵمانی لەشاری تاران تەواوکردووە.
- 1982 خانەی مامۆستایانی پێگەیاندنی سلێمانی تەواوکردووە.
- 1989 – 2006 بەردەوامە وەك مامۆستای هونەر لەخوێندنگەکانی شاری سلێمانیدا.
- 1994 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی سورکێو.
- 1997 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی لاوانی میدیا.
- 1998 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی خوێندنگەی بۆتان.
- 1999 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
- 2002 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی خوێندنگەی ئەمین زەکی بەگ.
- 1989-2006 بەشداری (75) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەناوکوردستان و دەرەوەدا.
- خاوەنی 10 بڕوانامەی ڕێزلێنانە کەلەبەرامبەر کارەکانی پێی بەخشراوە.
- هەروەها کاری دیکۆری بۆ ژمارەیەك لەچالاکی هونەری ئەنجامداووە،هەروەها کاری نەخشەسازی بۆ چەندین کتێب وگۆڤارو کردووە.






















39

# ڕۆڵی پەروەردە، لە نەهێشتنی شەرمکردندا

ڕەووف محەمەد ئالانی



باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لە شەرمنی ئەوەیە، لەبیرت بێت کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن - لاری کینگ

شەرم حاڵەتێکی دەروونی تایبەتی دیارە، لەهەندێ کەسدا هەیە، یان کەسی شەرمن هەست بەنائارامی وشەرمەزاری وئاڵۆزی دەکات، هەر بۆیە ئەوکەسانە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لاوازە وتێکەڵ کەسانی ترنابن.

هەندێ کەس پێیان وایە شەرمنی نەخۆشیە، بەڵام پزیشکانی پسپۆڕئەو بۆچوونەیان پشتڕاست نەکردۆتەوەو بەنەخۆشی نازانن، تەنها وەک حاڵەتی دەروونی ئاماژەین بۆکردووە.

شەرمکردن لەسەرەتادا لەقۆناغی مناڵییەوە، دروست دەبێت، ئەویش بەهۆی چەند فاکتەرێک کە ئەمانەن:

١-هۆکاری بۆماوەیی: واتە بوونی حاڵەتەکە لەباوانەوەوگواستنەوەی بۆنەوەکانیان، لەبواری کۆمەڵایەتیدا زۆرکەس دەناسین ودەبینین، کە کەسانی شەرمن ودوورەپەرێزن.

٢-مامەڵەی نادروستی دایک و باوک، وەک شکاندن وبێبەشکردن وترساندنی مناڵەکانیان، ئەمەش کارلەدەروونیان دەکات ودەبنە مرۆڤی شەرمن

٣-کێشەوناکۆکی دایک وباوک(جێژانەکان)، کەمناڵەکە تووشی بێ ئومێدی ودڵەڕاوکێ دەکات، لەئاکامدا تووشی حاڵەتی شەرمکردن دەبێت

٤-جیاوازی کردن لەگەڵ مناڵی تر، بەنموونە برا یان خوشکێکی تری هەبێت وهەست بەوە بکات، جیادەکرێتەوە، ئاکامەکەی تووشی بێزاری وڕقلێبوونەوە لەبەرامبەری دەکاتەوەووەک گرێیەکی دەروونی لێی دەڕوانێت وتووشی شەرمکردن دەبێت

٥-سزادان، هۆکارێکی ترە کە مناڵ دەکاتە مرۆڤی شەرمن، واتە مامەڵەیەکی ناپەروەردەیی ودوور لەهەست وسۆز

٦-بوونی حاڵەتی تایبەت، وەک بوونی نەخۆشییەک یان لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەی، ئەو مناڵە هەمیشە حەزبەشاردنەوەی ئەوحاڵەتە دەکات، بۆیە بە ناچاری شەرم دەکات

زۆرکەس پێیان وایە تاکە سوودی شەرمنی ئەوەیە تووشی کەمترین گرفت ئەبێت لەگەڵ کەسانی تربەهۆی کەم بەرکەوتنی، هەندێکیش دەڵێن بەرنەکەوتنیش خۆی هەربەشێکە لەکێشەوگرفت.

وتەیەکی کۆنی ناو کۆمەڵگەی کوردی هەیە، بەڕای من زۆر ناشیرین ونەشیاوە، بەڵام من وەک بوونی و جۆری بابەتەکە ودەستنیشانکردنی وەک خاڵی لاوازلەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگەی کوردی، دەیهێنمەوە، تا وازی لێبێنین وبەرامبەر هیچ کەس بەکاری نەهێنین، زۆربەمان بیستومانە کەدەڵێت:( کچی شەرمن شارێک دێنێت، بەڵام کوڕی شەرمن شانەیەک دێنێ)، جارێ ئەوجیاکاریە لەنێوان هەردووڕەگەززۆرخراپەوناکرێت بوونی هەبێت، لەلایەکی تریشەوە بۆئەم سەردەمی شارستانی وژیارییەی ئەمرۆکە دنیا هێندە بچووک بۆتەوە لەسەر شاشەی مۆبایلەکانمانە، بەدەر لەوەی جیاوازی رەگەزی جۆرێکە لە سەندنەوەی ماف وپێشێلی رەوایەتی ئازادییەکانی تاک.

شەرمکردن وجۆرەکانیمان ناساند، دەکرێ هەوڵی نەهێشتنی ئەو حاڵەتە دەروونیە بدەین وچارەسەری بکەین، چونکە مانەوەی گرفت وکێشە بۆ تاک دروست دەکات، تەنانەت، تارماییەکی ترسناکە بۆمرۆڤ، ڕۆماننووسی ناودار(گابرێل گارسیا مارکێز(١٩٢٧ - ٢٠١٤)دەڵێت:( شەرمنی ئەوتارماییەیە کە ناتوانرێت شکست بهێنێت(.

ئەوکاتەی کە لەگەڵ مرۆڤ هەنگاوی ناوئەویش گەورەبوو، بێگومان ناتوانرێت شکستی پێبهێنرێت، کەواتە کەی گونجاوە وبەچی چارەسەری بکەین؟

باشترین وکاریگەرترین ڕێگە بۆڕووبەڕووبوونەوەی شەرمنی، کاتی مناڵییە ئەویش لەڕێگەی پەروەردەوە دەبێت، بەم هەنگاوانە:

١-پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان مامۆستاوقوتابی، کەدووربێت لە ترس ودڵەڕاوکێ، پڕبێت لە هەست وسۆز وخۆشەویستی

٢-دروستکردنی کەشێکی گونجاوی پڕلە یاری وجوڵە

٣-مامەڵە کردنێکی دروستی پەروەردەییانەی هاوچەرخ، لەلایەن مامۆستاکانەوە

٤-پڕۆگرامەکانی خوێندن بابەتی چیرۆک ئامێزی تیا دابنرێت، کە شەرمنی لەمناڵاندا بسڕێتەوەونەیهێڵێت

٥-هەماهەنگی باش بکرێت لەگەڵ دایک وباوکی مناڵان بەگشتی وئەوانەی شەرمنن بەتایبەتی، تا لەڕێگەی پەروەردەیی وتایبەتەوە شەرمەکەیان نەهێڵرێت

٦-دروستکردنی پەیوەندیەکی هاوڕێیانەی پتەولە نێوان قوتابییاندا(بەشێوازی ڕاستەوخۆوناڕاستەوخۆ)

چارەسەری هەموو کێشەوگرفتێک مەحاڵ نیە، بۆیە لەسەروەزارەتی پەروەردەیە، هەنگاو بنێت بۆئاوڕدانەوە لە حاڵەتی شەرمکردن ودانانی ڕێگەچارەی گونجاوی دروستی پەروەردەییانەی هاوچەرخ، تامناڵەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ونەوەکانی داهاتو، لەجیاتی شەرم، تواناى دەربڕین وڕووبەڕووبوونەوە ولەجیاتی ترس ئازایەتی ولەجیاتی شەڕ، تۆوی ئاشتی لەناخیاندا بچێنین وگوڵی جوانی کامەرانی لە داهاتوودا ببینین.

ئەوەی گرنگە بۆهەنگاونانی چارەسەرکردنی شەرمکردن، پێویستە لە سەرەتاوە لەمناڵیدا کاریان لەسەر بکەین، چونکە تەمەنی مناڵی ئەو تەمەنیە مرۆڤ شەرم لە شکست ناکات، هەمیشە درێژە بەویستاکانی دەداتەوە وبەردەوام دەبێت.

ئەوەتا (مالکۆم ئێکس سیاسەتمەدار ١٩٢٥ - ١٩٦٥)دەڵێت:( دەبێت لە منداڵان فێربین شەرم لە شکست نەکەین و هەستین و یاریەکە دووبارە بکەینەوە).





# لەجێی کورد باین چیمان دەکـــرد ؟

به پێنوسی د . محمد صالح الموسوي
وەرگێرانی: عومەرمەحمود



ئێمەی عەرەب لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دوورترین کەسانێکین لە واقیع .
تۆ سەیری ئێمەی عەرەب بکە .
بۆنمونە :
پێش شەست ساڵ نیوەی فەلەستینیان پێداین ، بە گەرەنتی نێو دەوڵەتی .
ڕەتمانکردەوە .( گوتمان، نا...هەمومان دەوێ )
دواتر هەموو شتێکیان لێستاندین .
دوای نیو سەدە دانیشتین لوتکە عەرەبییەکانمان بەست و لەنەتەوە یەکگرتووەکان پاڕاینەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو نیوە ، یەکەمە .
جوان سەرنج بدە دوای ئەوە چی ڕویدا !
قەسەبخانەکانی ئەیلول لە ئۆردن .
شەڕی کاولکەری لوبنان .
شکستی حوزەیران
ملیۆنان کوژراو و بێ باوک .
لە دامەزراندنی وڵاتە سەربەخۆکەمان تێشکاین .
تا ئێستاش لەئاسمان بۆ هۆیەکان دەگەڕێین .
لە ماڵی خۆماندا بۆی ناگەڕێین .
تا کەی ؟
تاکەی لەئاست ڕاستیەکان خۆمان کوێر کەین ؟
تاکەی خەریکی دروستکردنی دوژمن بین ؟
باشە من پرسیارێکی دوور لەسیاسەت لەبارزانی و تاڵەبانی و مالیکی و سەدام دەکەم . بەڵام نزیک لە ویژدان .
لە هەر خاوەن ویژدانێک دەپاڕێمەوە پێش وەڵامدانەوە زۆر بەباشی لێی ورد بێتەوە.
با هەر عەرەبێک پێچەوانە وێنای بکات .
واتا با وایدانێ عەرەبەکان نەتەوەی دووەمن لە عێراق و کوردەکان نەتەوەی یەکەمن و ئەوە کوردەکانن ١٨٠ هەزار عەرەبی ئاشتیخوازیان لە یەک ڕۆژدا لە حیللەو ڕومادی سەماوە ژێر گڵ خستووە.
با عەرەب وای وێنا بکات کە کوردەکان کەس و کاری ئەویان بە گازی کیمیاوی لەشرگات و شوێنەکانی تر ڕشاندووە .
باشە پەرچەکرداری هەرعەرەبێک چی دەبوو؟
با وەڵامەکە لێگەڕێین بۆ خاوەن ویژدان زیندووەکان و بێینە سەر واقیع .
دەوڵەتی عێراقی ڕوخا .
دڕندەکانی عەرەب و موسوڵمانەکان هاتنەناو عێراقەوە .
هەزاران شیشانی و فەلەستینی وسعودی و یەمەنی و سوری میسری و ئۆردونی و لیبی تونسی و جەزائیری و ئەفغانی و عەرەبی عێراقی شیعە و سوننە ، هاتن و خۆیان تەقاندەوە .
ئەرێ چەند کورد خۆیان تەقاندەوە؟
لەماوەی چل ساڵدا عێراق لەگەڵ کورد لەشەڕدا بوو .
بەغداو شارەکانی تر پڕ بوون لە هەزاران کوردی لایەنگری بارزانی .
ئایا تەقینەوەمان لە (مدينة الصدر ) و کەرادە بینی ؟
ئایا ڕفاندن و کوشتن و خستنە ناو قەفەسمان بینی ؟
ئایا بینیمان لەناو بازاڕ گۆشت و خوێنی مروڤ تێکەڵ بە گۆشتی مانگاو تەماتەو سێو بێ .
باشە بۆچی واز لەچێژ وەرگرتن لەگوڵی ناو باخچەکانمان بێنین ڕوبکەینە زبڵدان دروستکردن ؟
چیە وا بەدوای تێکدان و ڕوخاندندا دەگەڕێین ؟
باشە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو جارێ ئێمە دەبینە قوربانی ساویلەکەییمان و دەمارگیری هۆزگەرایی دەوارنشینیمان !
هەر بەتەنها بە وروژاندنی
هاها.....هاها .....خوتی ها ....!

سەرقاڵیان کردوین بەپرسی کوردستانەوە. تەواو خۆمان ماندوو کردووە .
خۆمان لێکهەڵوەشاندووە تا ئەو ڕادەیەی خۆمان لەبەردەم کێشەیەک بینییەوە ، کە هیچ بنەمایەکی مادی نیە ،جگە لە دواکەوتنی خۆمان .
باشە ئێمەی شیعەو سوننە چ سودێکمان لە پێداگری لەسەر یەک نیشتیمانی بینیوە کە نەمان توانیوە دایبمەزرێنین !
شتێکی پێکەنیناوی نیە کە ئێمە مامەڵەی پێ لە گەڵ مافی نەتەوەیی کورد دەکەین ، کە دژە لەگەڵ ئەو ئەرگۆمێنتانەی بەرگری پێ لە هەمان مافی نەتەوایەتی خۆمان دەکەین !
باشە شتێکی نامۆ نیە بۆ نمونە ئێمە سیاسەتی دیفاکتۆ و بە یەهودیکردنی قودس و دروستکردنی ئۆردوگا جولەکەنشینەکان و گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچە داگیرکراوە فەلەستینیە کان ڕەتدەکەینەوە کە ئیسرائیل پێی ڕوبەڕومان دەبێتەوە ،لەکاتێکدا ئەو واقیعە پیرۆز دەکەین کە سەدام سەپاندویەتی بۆ بەعەرەب کردنی چەندین ناوچەی کورد نشین !
سەیر نیە داوای مافی چارەنوس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ فەلەستینیەکان دەکەین ،کەچی تەنها باسکردنی مافی دیاریکردنی مافی چارەنوس بۆ کوردەکان بە تاوان و گوناهی گەورە دادەنرێ .
من پرسیار لەوانە دەکەم دژی فیدراڵی و مادەی ١٤٠ وەستاون :
بۆچی ؟ ئەی جێگرەوە چیە ؟
باشە ئەو مەترسیە چیە کەمادەی ١٤٠ دروستی دەکات ،لەکاتێکدا سەرکردایەتی کورد دڵێ بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و دەستور لەناو عێراقی دیموکراسیدا دەمێنینەوە کە تیایدا سامانی نەوت بۆ هەمووان دەبێ .
باشتر نەبوو بۆ سیاسیەکانمان کۆنگرەیەک بۆ بارزانی ڕێکبخەن کە تیایدا هەڵوێستی خۆی ڕونبکاتەوەو وەک بەڵێن بەرامبەر هەمووان لێی وەر بگیرێ !
بۆچی مالیکی فێڵی لەوە کرد ؟
لە هەولێر بەڵێنی چی دابوو ؟
ئەگەر عێراقێکی فیدراڵیمان نەوێ کە بە هاوبەشی بەڕێوە ببردرێ ، ئەوا دوو چارەسەر هەن :
یان بگەڕێینەوە بۆ ئەو شەڕو پێکدادانە بێ سەرەو بەرەییە لەناوبەرەی کە هەموومان لەناو دەبا . یان ئەو چارەسەرە مەدەنی ترین و ئەقڵانیترینە ،کە ئەویش دانپیانانە بە کێشەی کوردی کە ئێمە دەسپێشخەری بکەین بۆ چارەسەرکردنی . بەمەش (٤٠ )ملیۆن کورد بۆلای خۆمان ڕادەکێشین و دەیانکەین بەدۆستی خۆمان .
کوردستان ناچێتە سەر مەریخ . ئەو هەر لەشوێنی خۆی دەمێنێ و خەڵکەکەی پەنا نابەنە بەر ئیسرائیل کە هیچ شتێک نیە پێکیانەوە ببەستێتەوە .
نە جوگرافی و نە مێژوویی و نەئابوری .

بەڵکو لەگەڵ ئێمە دەبن  کە لەتەکیان وەستاوین و یارمەتیمان داون بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاوات و بوونی نەتەوەییان. ئەوکات دەبنە کارەکتەری ئاوەدانی و ئارامی لەناوچەکەدا بە هاوبەشی لەگەڵ ئێمەدا .چونکە بەرژەوندییان بە دۆسایەتی و پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئێمە دەستەبەر دەبێ نەک بە دژایەتی ئێمە .

ئەزمونی مێژوو پێمان دەڵێ ، لەداهاتودا ئەوان تەقینەوەو خۆکوژمان بۆ نانێرن وەک برا عەرەب و موسوڵمانەکانمان کەبۆیان ناردین .

چونکە ئەوان هیچ کاتێ ئەوەیان نەکردووە.

چۆن ئەوە دەکەن کاتێک ئێمە پشتیوان و هاوکاریان بین ..

من دەزانم کە ئاوازم لەسەر ژێیەک ژەنیوە  پێشتر نەبیستراوە ،لەناو ژاوە ژاو و هەراو هۆریای هاها ..هاها....ها

بەڵام ئێستاش دەڵێم ،دڵم ژان دەکا کاتێک

کردەوەکانی داعش لەموسڵ و کارەکانی سوپای بێ ئابڕوی ئیسرائیل لە فەلەستین و کاولکاری لە سوریاو سوتانی ڕومادی و لێکهەڵوەشانی عێراق دەبینم .

سەرم سوڕدەمێنێ لەو خزمەتەی پێشکەشی ئیسرائیلی دەکەین.

دەزانم من ئاوازێکی نەشازم لەناو تیپەکەدا .

بەڵام مێژوی عەرەبیمان فێری کردوین کە ئاوازی نەشازی ئەمڕۆمان سرودی نیشتیمانیمانە لەداهاتوودا .

دەزانم وشەکانم دەبنە وروژێنەری خەم

و پەژارە لەدڵی نەوەکانی داهاتودا .

هەروەک پەژارەی زۆرمان چەشت چونکە باپیرانمان نیوەی فەلەستینیان بۆ وەرنەگرتین و تا ئاوارەو پێخاوس کەوتین لەناوەڕاستی ڕێگادا .

لە ئەیلولی تاریک دەچینەدەرێ و دەچینەناو نیسانی تاریکتر . لەمیش دەچینە دەرەوە بۆ سێیەم .

تاکەی ئاوا بەردەوام بین هۆ ئاقڵمەندانی نەتەوە ؟

# فرۆکەی بێفرۆکەوان و ماددەی هۆشبەر

لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی تەکنۆلۆژیا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەلام مرۆڤیش بێبەش نییە لەزیانی ئەو تەکنۆلۆژیانە ، بێگومان بواری فرۆکەوانی خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بەمرۆڤ کرد ،ڕێگەی چەندان مانگ و ڕۆژی کورت کردەوە بۆ چەند کاتژمێرێ، هەروەها گەیاندن و پەیوەندی کردن ئەویش کارئاسانیەکی بۆ مرۆڤ کردوە کە بەچەند چرکەیەک بتوانی پەیوەندی بەوپەری دونیاوە بکەیت بەلام لەهەمانکاتیش مۆبایلی زیرەک زیانگەینەرە بەمنال و هەندێجاریش بەبواری خێزانی و کۆمەلایەتیش ...لێرەدا باسەکەم دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای فرۆکەی بێفرۆکەوان کەتەکنۆلۆژییایەکی سەربازی کوشندە لەلایەن زۆر وولاتەوەو سەرکەوتنی لەبواری جەنگی ئۆکرانیا و تورکەکان بۆ تیرۆر کردنی گەریلا و چالاکوانەکانی پیکەکە ....

لەئێستا ڕیکخراوە تاوانکاری وگروپە قاغچیەکانی ماددەی هۆشبەری پێ دەگوازنەوە ، ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانیش چەک و چۆلی پێدەگوازنەوە لە سنورە نێو دەولەتیەکانەوە بۆ ناو وولاتانی دیکە...

لەهەندێ وولاتانی عەرەبی و دەولەتانی ئەوروپی کەوتونەتە بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیایە بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر گرنگترینیان حەبی کبتاگۆن ئەوەش وەک تەحدایەک بۆ هێزە ئەمنیەکان...تاوانکاری مرۆڤ هەر بە تەکنۆلۆژیاوە نەوەستاوە بەلکو کۆتریشی گرتۆتەوە بۆنمونە لەئاباری ٢٠١٧ پیاوانی گومرگی کوەیتی لەسەر سنور کۆترێکی زاجلیان گرت کە ١٧٨ دەنکە حەبی هۆشبەری پێوە بەسترا بوو...لە ٢٨ی ئابی ئەمسال سوپای ئوردنی خستنەخوارەوەی فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانی ئاشکرا کردکە لەسوریاوە فریوە وەک وتە بێژی سوپا ئاشکرای کرد کەئەوە سێهەم روداوی لەوجۆرەیە . لەشوباتی ئەمسالیش فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانی خستۆتە خوارەوە کە هەلگری نارنجۆکی دەستی و چەک بووە...لە ٢٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ دەسەلاتدارانی کوەیت هاوولاتیەکیان دەستگیر کرد بەتۆمەتی بەکارهێنانی فرۆکەی بێفرۆکەوان کە ٤ کگم ماددەی هۆشبەری دروستکراوی ئەمفیتامین و یەک کگم ماددەی حەشیش بەنیازبووە لەدەولەتێکی دراوسێوە ئەوەش لەلایەن تیمی دژە ماددەی هۆشبەرەوە ئاشکرا کرا....

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



# کێ دەیەوێ شکست بەئەمریکا بهێنێت پێویستە هەوای جەنگی لێ ببڕێت

وتارێکە زۆر راستی ولۆژیکی تیدایە نوسەرەکەی چواچین لینگ لە ٢٤ی مارت نوسیویەتی: بەووتارێکی باشم زانی بۆ کوردادندن .

گەورەترین مەترسی بۆسەر ئەمریکا چین نییە بەلکو ئاشتیە، چونکە بەئاشتی جیهان کۆتایی بەئیمپراتۆریەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی دۆلار دێت ،کەبنیاتنەری جەنگ وجەنگی ئابوری و بازرگانی جەنگ دێت.

کاتێک ئاشتی لەجیهان بەرقەرار بێت، ئەمریکیەکان سەریان لێ دەشێوێت وبزر دەبن ودیار نامێنن و نازانن چی بکەن،زۆر شت تەوزیف دەکرێت تەنها بۆ هاندانی جەنگە زۆر شتیان لەکار دەکەوێت،کۆمەڵگای کارگە سەربازیەکانی لەکار دەکەون ، هەموو بنکە سەربازیەکانیان لەجیهان دا زیاد لەپێویست دەبێ هەروەهازۆرینەی کەشتیە فرۆکە هەلگرەکانیان و فرۆکە سەربازیەکانیان و موشەکە بالیستیە کیشوەر بڕەکان و چەکی کۆمەلکوژی وێرانکەرو هەموو پیشەسازیە جەنگیە پشتیوانەکانیان واتە تەوزیفکردن دەبێتە کێشەی ژمارە یەک لەویلایەتە یەکگرتووەکان کاتێک ئامێرەجەنگیەکانی وەستێنرا بێت بەهۆی نەگونجانی ،بەوەش هەموو کاربەدەستانی هەواڵگری بێکار دەمێننەوە.زۆر لەهەواڵە ساختەکان سەبارەت مەترسیەکان و دوژمنەکان دەبنە نوکتەو بلقی سەرئاو بەوەش ئەو بودجە زەبەلاحە سەربازییەی کەنزیکەی تریلیۆنێک دۆلارە زۆر دەبێت بەبێ جەنگ وبەبێ دوژمن.

کاتێک ئاشتی لەجیهان بەرقەرار بێ،ئەمریکیەکان پێویستیان بەوە دەبێت کە هەلی کار بۆخۆیان پەیدا بکەن و ببنە کەسانی سودبەخش وبەرپرسیار نەک بانگخوازی جەنگ و بکوژ و بازرگانی جەنگ.

کەس نابێت ئەو ئامێرە جەنگیانەیان لێبکرێت کەنرخەکانی زۆر بەرزن و هیچ پێویست بەمافیای سەربازی ناکات کەناوی هاوپەیمانی لینراوە....ئەمریکیەکان یەکەم وولات بوون کەسەرکۆنەی رێککەوتنی ئاشتی نێوان ئێران وسعودیەیان کرد بەمیانگەری چین و بەدژایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ناویان برد، هەموو ئەمریکیەکان ئامادەن بۆ تێکدانی ئەم رێکەوتنی ئاشتیە ،ئەوەش ئاستی شەڕخوازی ئەمریکیەکانە کەبریاری لێدەدەن و هەموشیان دروستکەرو داهێنەری جەنگن و دژە ئاشتین ...ئاشتی دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە، ئەمریکا ئیمپراتۆریەتێکە لەسەر بنەمای جەنگ و نائارامی گەشەی کردووە پێشکەوتوە،چەکی دەفرۆشێ بۆ کوشتن و وێرانکاری و جەنگ... ئەمریکیەکان سەرکۆنەی پێشنیارەکەی چین یانکرد بە وەستانی جەنگ لەئۆکرانیا ودەستپێکردنی گفتوگۆیەکی ئاشتیانە. ئەمریکیەکان نایانەوێت ئاگر بەست بکرێ چونکە دەزانن گەلانی دونیا بەشەڕخوازی ئەمریکیەکان وخەبەر هاتون... هەموان ئاشتی خوازین تەنها ئەمریکیەکان نەبێت، تەنها نابیناو گەمژەکان نەبێت پشتیوانی ئەمریکیە شەڕخوازەکان وریگایان بۆ خۆش دەکەن بۆ هەلایسان و بەرپاکردنی جەنگ.

کوردادندن

عوسمان

١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



وێنەکە ئەمیری کەبیر و ناسرەدین شا

# ڕەهەنـدی پـەروەردەیی لە چـیرۆکی منداڵان

## ڕەزا شـوان



منـداڵان ئاوێنەی ئێستای کۆمەڵگان، پـرۆژەی داهاتوون. گرنگیدان بە پەروەردەکردنی منـداڵان، گرنگیدانە بە داهاتـوو. لە ئەمڕۆدا پەروەرەکـردنی دروستی منـداڵان، بـووە بە ئامانجێکی پیرۆز و ستراتیژیی گەلان. پەروەردەکردنی منداڵانیش کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان نییە. بەڵکو گـرانترین و هەستیارتـرین و چارەنووسسازتـرین ئـەرک و کـار و بەرپـرسیارێـتییە. پێـویستی بە شارەزایی و هـۆشیاری و زانستی و بە دەروونـناسی و شێواز و ڕێبـازی سـەرکـەوتـن هـەیە. چـونکە هـەر هـەڵـەیـەک لە پـەروەردەکـردن و ئاراسـتەکـردنی منـداڵـەکـانمانـدا بـکـەیـن، کارەسـاتـێکی نەخـوازراوی لێـدەکـەوێـتـەوە.

(ئەلـیزابێـت مـاخـت) دەڵـێـت:"لە کـاتی ئەنجـامـدانی پەروەردەکـردنی منـداڵـەکـانمانـدا، هەر هـەڵـەیەک بکـەین، دەبێتە هـۆی دۆڕانـدنی جەنگێـک، کە لە پێـناوی داهـاتـوویەکی باشـتـردا دەستمان پێـکـردووە".

دێیـنە سەر کرۆکی باسەکەمان. سەرچـاوە و هـۆکارەکانی فـێرکردن و ڕێباز و شێواز و میـتـۆدی زۆر هـەن، بـۆ پەروەردەکـردن و ڕۆشنبیریکـردنی منـداڵان. چـیرۆکی منـداڵان یەکێکە لەو هۆکارانە. کە گرنگییەکی نایاب و ناوازەی لە پەروەردەکرنی منداڵاندا هەیە.

چـیرۆکی منـداڵان، لە ریزبەندیی یەکەمی ئەدەبی منـداڵان دایە، تا ئێستا بە گرنگترین و بە ئاسانـترین و بە یەکـەم هـۆکاری پەروەردەکـردنی دروسـت و ئاراسـتەکـردنی راستی منـداڵان دادەنـرێـت. منـداڵان بـە سـروشتی و بـە ڕەمـەکی حـەزیـان لە چـیرۆک هـەیە.

رستەی (هەبوو نەبوو...) کارتـێکردنێکی ئەفـسووناویی لەسەر منداڵانی گوێگـر هـەیە.

منـداڵان تـەنیـا بە گـوێیەکـانیان چـیرۆک نابیـستـن، بەڵـکو هـەمـوو هـەستـیـیەکـانیان لە تێگەیشتـن وەرگرتـنیدا بەشداردەبـن. بە لای منـداڵانەوە چـیرۆک گـێڕانەوەیەکی سارد و سڕ نییە، بەڵکو دیمـەنی بزوێـنن و بڕگـەی یـەک لە دوای یەکـن. چـیرۆکەکـانیش ریالـیزمی بن یان کلاسیکی بن، خـەیـاڵی و ئەفسانەیی بن، یا راسـتیبن، گـرنـگ نییـە. بەڵکو گرنـگ ئەوەیە لێیان تێبگەن و چێژیان لێوەربگرن. چیرۆک پێگەیەکی جیاوازی لـە لای منـداڵان هـەیە، زیـاتر لە هەمـوو جـۆرەکانی تری ئەدەبی منداڵان حەزیان لێیّ هـەیە. ئـەوەش بـۆ بە هـێزی و چـێژ و کـارتـێکـردنی چـیرۆک دەگـەڕێـتـەوە، کـە بـەم رادەیـە لە ژانـرەکانی تـری ئـەدەبی منـداڵانـدا نـییـە. چـیرۆکی منـداڵان کاریـگـەرییـەکی زۆریشی لەسەر بنیاتنانی کەسایەتـیی دروسـت و بەهـێز و هـاوسەنگی منـداڵاندا هـەیە. ڕەنگـدانەوەیـان لە ژیـانی ئەمڕۆ و داهـاتـووی منـداڵان هـەیە.

پەروەردەکاران و دەروونناسان، هـاوڕێ لەسەر ئەوەی کە شێوازی چـیرۆکی، باشـترین هـۆکارە، کە لە ڕێیەوە ئەوەی دەمانەوێت بە منداڵانی بگـەیـەنین. گـەر بەهـا ڕەوشـتییەکان بـن، یا ڕێنماییە ڕەفـتـاری و کـۆمەڵایـەتـییـەکـان بـن.

زۆریش لە لێکـۆڵـینەوە و تـوێـژینـەوە تـازەکان، ئامـاژە بەوە دەکـەن، کە ئـەو منـداڵانەی لە تـەمـەنێکی بچـووکی ژیانیاندا، گوێ لە چیرۆک و هـونراوە دەگرن، سەرکەوتووترین قـوتـابـین لـە قـوتـابـخـانـەدا.

چـیرۆکی منداڵان، هـۆکارێکی فـێرکردن و پەروەرەکردنە. گەشە بە شارەزایی زمـان و بە کۆمەڵایـەتـی منداڵان دەکات. یارمەتیدەریانە لە گەشەکردنی خەیاڵ و بەهـرە و توانای داهـێنانیان. هـانـدەریانە بۆ ئـەوەی بە زاری و بە نـووسین گوزارشت لە نـاخی خـۆیان بکـەن. چیرۆک هاندەری منداڵانە، بۆ فێربوون و خوێندنەوە و وەرگـرتـن. بۆ وەرگرتـنی بەهـا ڕەوشتییە بەرزەکان. چـیرۆک گـەشە بە مێـشکی منـداڵان دەکـات. زاخـاوی هـزر و خـەیاڵیان دەدات. هـانیان دەدات بۆ گـەڕان و دۆزینـەوە و داهـێنان. فـێری شیکردنەوە و ڕەخنـەگـرتـنیان دەکـات.فێری گـەلێ بەهـای بەرزی مرۆڤایـەتـیان دەکات، وەک: هاوڕێتی، هـاوکاری، دڵسۆزی، خۆشـەویستی، لـێبـووردن، ئازایـەتـی، نیشتمان پـەروەری،... هـتـد.

بە کورتی، گـرنگی و کارتێکردنەکانی چیرۆکی منداڵان، لە فـێرکردن و پەروەردەکرنی منـداڵاندا و ڕەنگـدانەوەیان لە ژیان و لە ڕەفتارەکانی منداڵان لە ئەمڕۆ و لە داهاتوودا، زۆر لـەوە زیـاترن کە لە خـەیـاڵی ئێـمـەدان. چیرۆک سـەرەڕای خـۆشی و چـێژ بەخـشین بە منـداڵان، چـەنـدیـن ئـامـانجی پـەروەردەیی تر بەدیـدەهـێنـێـت.

## دووچیرۆکی مناڵان بۆ تەمەنی 6 ساڵ تا 11 دەبێت



**یەکەم:**

**من و ئانوی خوشکم**

**پەیام ئیبراهیم**

من و ئانوی خوشکم یاریزانی تۆپی پێین زۆر حەزمان لە وەرزشی تۆپی پێیە، هەر یەکێکمان تۆپێکی خۆمان هەیە تۆپەکەی ئانو سپیەو خەتی شینی تێدایە ، تۆپەکەی منیش سپیەو خەتی سوری تێدایە ئانو هەمیشە تۆپەکەی خۆی دەشارێتەوەو بە تۆەکەی من یاریدەکرد تۆپەکەی ئانو بەتازەی مابۆوە ، ئەوی منیش کۆن و دڕاو بوو بو، ئێوارانیش تۆپە تازەو جوانەکەی خۆی دەهێنا زمانی لەمن دەردەهێناو پێدەکەنی، تۆپەکەی پیشانی دایەو بابە دەدا خۆی فەقیر دەکرد دەیووت سەیرکەن تۆپەکەی من چەند جوان و تازەیە تۆپەکەم زۆر خۆش دەوێت ناهێڵم بدڕت و کۆن بێت ئەوانیش دەیان وت ئافەرین تۆ باش ئاگات لە یارییەکانی خۆتە

منیش لەسوچێکدا بێدەنگ و مات سەیری ئەم دیمەنەم دەکرد، لەڕوم نەدەهات تۆپە کۆنەکەم بهێنم دایەو بابە نەیان دەزانی ئانو تۆپەکەی خۆی دەشارێتەوەو بەتۆپەکەی من یاری دەکات ، زۆر نیگەران بووم ، لەپڕ بیرۆکەیەکم بۆ هات، ڕۆشتمە ژورەکەی خۆم قوتوی بۆیەکانم دەرهێنا ڕەنگی سورو سپییەکەم جیا کردەوە تۆپەکەی ئانوم هێنا ڕەنگەکەیم گۆڕی بۆ سپی و سور ڕێک وەکو ڕەنگی تۆپەکەی خۆم عەسر کاتێک ویستمان یاری بکەین وەکو هەموو جارێ تۆپەکەم برد ئانو وایزانی هەر تۆپەکەی خۆمە ئیتر هەموو ڕۆژێک یاریمان بە تۆپەکەی ئانو دەکرد نەیدەزانی ڕەنگەکەیم گۆڕیوە، ڕۆژێک تۆپەکەمان زۆر چڵکن بوو ئانو وتی پیسە دەبێت بیشۆین کاتێک شۆردمان ڕەنگەکەی لاچوو ئانو بینی تۆپەکەی خۆیەتی هاواری کردو بەڕاکردن دوام کەوت منیش زمانم لێدەردەهێناو پێدەکەنیم ئەویش هەر ڕایدەرکرد بە شوێنما .

**چیرۆکی دووەم:**

**خۆم و دایکم**

لەگەڵ دایک م باوکم خوشکە بچکۆلانەکەم پێکەوە کۆبوینەوە سەیری فیلمێکی کەمێک ترسناکمان دەکرد هەندێجار بابە بۆی ڕوندەکردینەوە کە لەڕاستیدا ئەم بابەتە ترسناکانە بونیان نیە، تەنها وەک فیلمێک سەیریان بکەین

دایکشم هەندێ جار دەیووت، نانا مەترسن هیچ شتێک وا بوونی نیە، دایە ئەم قسەیەی کرد و هەستا گەنمەشامیمان بۆ ئامادە بکات لەگەڵ تەماشاکردنی تەلەفیزۆن زۆر خۆشە

کاتێک دایە هاتەوە بۆلامان بەقاپێکی گەورە گەنمە شامییەوە

لە بەردەم دەرگای ژورەکە وەستامو بە کڵاوەکەم دەم و چاوم داپۆشی ، بەدایەم وت پخخخخخ

دایە قاپە گەنمە شامییەکەی کرد بە سەرمداو هەموی کەوتە سەر زەوییەکە هەموویان لە قاقای پێکەنینیاندا

دایە خۆی ئەوەندە پێکەنی نەیدەتوانی بڕوات



# قسەی کتێب ومرۆڤی خەیاڵاوی

## تەها عومەر

تاقە سەرچاوە و جوانترین وبەنرخترین سەرچاوە بۆ ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ کتێبە ، بەڵام داخەکەم لەم ڕۆژگارە جەنجاڵ و پڕ لە ناشیرینییەدا ئەوهاوکێشەیە گۆڕاوەو ئەوەی مرۆڤ بەدبەخت ئەکات کتێبە ، ئەمڕۆ لەسایەی ئەوپێشکەوتنە بەرچاوەی تەکنۆلۆژیاو ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرو مۆبایلەوە ژمارەی ئەوانەی کتێب ئەخوێننەوە ڕۆژلەدوای ڕۆژ ڕوو لەکەم بوونەوە ئەکەن .

ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن من بە ئینتەرنێت لە کۆمیوتەرەکەم یان مۆبایلەکەمەوە چ کتێبێکم بوێ ئەیخوێنمەوە ئیتر چ پێویست بە بوونی کتێب ئەکات لەماڵەکەمدا کەجێگاشم لێ ئەگرێ ، ئاخر کوا خوێندنەوەی کتێب لەڕێی ئینتەرنێتەوە ئەوچێژو خۆشییەی هەیە ، لەگەڵ هاوڕێیەکمدا باسی خوێندنەوەمان ئەکرد وتی من بەدەستی خۆم لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵئەدەمەوە بەخوێندنەوەی دانانێم و هیچ چێژێکی لێ نابینم .

بەڵام داخەکەم ژمارەی ئەوکەسانەش کەلەڕێی ئینتەرنێتەوە کتێب ئەخوێننەوە هەرکەمن و زۆربەی خەڵک لەم سەردەمەدا ئینتەرنێت بۆ خۆشی و چێژوڕەفاهیەت وکات بەسەربردن بەکاردێنن نەک خۆ ڕۆشنبیرکردن ، مۆبایل هێندەی بۆ یاریی پۆپجی و چات کردن و سناپ چات و وێنەگرتن لەکاتی سەیران وهەڵپەڕین ونانخواردنا بەکاردێت ، یان نیشاندانی ماڵ و خانوو باخ و وێنەو ڤیدیۆی سەردان وگەشتەکان کە بۆپۆزلێدان و بەحسابی خۆیان دڵ تەقاندنی خەڵک بەکاردێت بەتایبەتی لەلایەن ئافرەتانەوە (بەداخەوە) کوا بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و خوێندنەوەو وەرگرتنی سەرچاوەو کتێب بەکاردێت .

ئەمڕۆ ژمارەی نەخوێندەوارەکان زۆرزیاترە لەخوێندەوارەکان ، خۆ خوێندەوار هەربەوکەسەناڵێن بزانێت بخوێنێتەوەو بنووسێت ، یان بڕوانامەی بەرزبەدەست بێنێت ، خوێندەوار ئەوکەسەیە مێشکێکی کراوەی هەبێ نەک عەقڵێکی تاریک ، خەیاڵی جوانی هەبێ بۆ ژیان ، بۆ پەیوەندی دۆستانە ، بۆهاوڕێیەتی .مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەو سروشتی خۆشبوێ ، خۆشەویستی ببەخشێتەوە نەک ڕق و کینە .

ئەمڕۆ ئەوانەی کتێب ئەخوێننەوە پێیان ئەڵێن قسەی کتێب ئەکات ، لەخەیاڵا ئەژی ، ئەوکەسانەی ئەوجۆرەقسانەئەکەن هێندە گەمژەن نازانن جوانترین شتێک کەمرۆڤ هەیبێت خەیاڵە ، مرۆڤ گەرخەیاڵی لێ دەرکەی تەنها تەنێکی بێ ڕۆح وگیانە وهیچی تر ، ئەم ژیانە گەرخەیاڵی تیانەمێنێ تەنها لەجەنگەڵێکی پڕلەدڕندە ئەکات ، ئاخر ئەوهەمموو پێشکەوتنە بەرچاوەی ئەمڕۆ ئەیبینین هەموی زادەی خەیاڵی مرۆڤەکانەو ، هەمووشتەکان لەخەیاڵەوە ئەبنە واقیع و هیچیان لەخۆوە نەهاتوون ، تادواتر بوونەتە بیردۆزە وئیشیان لەسەرکراوە ، وەک چۆن لەهەندێ فیلمی خەیاڵە زانستیەکاندا ئەیبینین .

ئاخر چی هەیە هێندەی شاعیرێک جوان بێ کاتێک لەزادەی خەیاڵی خۆیەوە جوانترین شیعرمان بۆئەنووسێت یان وێنەکێشێک کاتێک تابلۆیەکی هونەری ئەکێشێت ، یان نووسەرێک ڕۆمانێک یان چیرۆکێک یان شانۆگەرییەکی لەخەیاڵی ڕەنگینی خۆیەوە بۆ نووسیوین کۆمەڵێک کاراکتەری بۆ خولقاندووین کە هەریەکەمان خۆمان لەیەکێکیاندا ئەدۆزینەوە .


جاران خوێنەر زۆربوو کتێب کەم ، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە سەرشەقام وکتێبخانەکان سیخناخن لەکتێب و هەموو تۆزیان لێنیشتووەو کەس نایانخوێنێتەوە . جاران کتێب هێندە بەنرخ بوو چەند مانگێک پێش ئەوەی چاپ بکرێ وبکەوێتە کتێبخانەکانەوە وەسڵمان بۆئەبڕی و بەتاسەوە چاوەڕێی دەرچوونیمان ئەکرد ، من بۆخۆم چەندین کتێبم ئاواکڕیوەو ڕۆژانە سەری کتێبخانەکەم ئەدا بزانم دەرچووە .

شێخ ڕەزای شاعیر لەمێژە فەرموویەتی :

درێغ بۆ ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە


داخەکەم ئەمڕۆ هێندەی ئارایشتکارێک ، مەیکەپێک ، نمایشکارێکی جل وبەرگ یاخود شاجوانێک بایەخی پێ ئەدرێ وناوبانگی هەیەو هەرلەپرولەهیچ وخۆڕا بۆتە خاوەنی سەرمایەیەکی گەورە نیو هێندە خەڵک شاعیرێک یان نووسەرێک یان هونەرمەندێک کەبە مانای وشە هونەرمەند بێ ناناسن و بایەخیان پێ نادرێ . خەڵک هێندەی بەرپرسێکی گەندەڵ ئەناسێت و پێی خۆشە وێنەیەکی لەگەڵ بگرێت نیو هێندە کەسایەتیەکی جوان ورۆشنبیر کەخزمەت بەکۆمەڵگا ئەکات ناناسێت .


ئەمڕۆ ژمارەی ئەوانەی کتێب ئەخوێننەوە هێندە کەم بوونەتەوە زۆرلەوە ئەترسم ماوەیەکی تر وای لێ بێ بەشەرمەوە خۆیان دەرخەن و بەدزییەوە کتێب بخوێننەوە چونکە دوور نیە بەعەیب وعار حساب بێ لەسەریان و پێیان بوترێ کەسێکی سروشتی نیەو لەخەیاڵا ئەژی و بۆخۆی هەرقسەی کتێب ئەکات ، چونکە هەموو پێوەرەکانی ژیان بوونەتە پارەو کەس بایەخ نە بە کتێب و نەبەوانەش کە ئەهلی کتێب و قەڵەمن نادات .















# ئە مین محە مە د وئە زمونی نوسینی چیرۆك بۆ منداڵ ...

## نووسینی : سە ردارقا در



لە دوای شیعرلە نێو هزری( ئە مین محە مە د ) دا یە کێك لە باشترین ڕێگاكان بۆبە رە و پێشچوونی ئە دە بی منداڵ نوسینی چیرۆك بوو .
شا یانی باسە ئە مە ش بۆ ئە مین محە مە د سە رە تا یە كی هە روا ئاسان نە بوو چونكە تواناى گە یا ندن وتایبە تمە ندی وردبونە وە ی دیمە نە كان بە شێكی هە رە گرنگە لە هونە ری چیرۆك نوسین دا.
بە ڵا م ئە مین محە مە د زۆر بە بوێری و شارە زاییە وە وە ك دە نگێكی ڕاچە نیو ڕوی كردە هونە ری چیرۆك نوسین و لە دە رگای ئە م ژانە رە ئە دە بیە جادویە یی دا
ئە مە جگە لە متمانە بە خۆبون بە زە ینێكی ڕونە وە
دە نگ ورە نگی خۆی نە خشان وە ك پە یامێكی مژدە بە خش
قە ڵە مە درە وشا وە كە ی بە خشی بۆبزە وخە ندە ی مناڵا ن
 كە واتە هێشتا كەسانێك لەنێو دنیا جوانەكەی منداڵان و كتێبدا دەژین و دەیانەوێت بەهای خوێندنەوە لەلای نەوەی داهاتوو شیرین بكە ن وببوژێننەوە،
ئەوە ش خە ڵكێكە لە نموونەی (ئە مین محە مە د) ئەو ئێستا باری سەرنجی بەرەو ئەدەبیاتی مناڵانە و دەیەوێت زۆرترین چیرۆكی وێنەیی بگەیەنێت بە مناڵانی كوردستان و دایكان و باوكان هاندەدات تا مناڵەكانیان هۆگربن بۆ خوێندنەوە
چونكە ئە م مرۆڤە خا وە ن بە هرە یە كاتێ هە ستی كرد چیرۆكی مناڵا ن پێویستی بە خە یاڵ و فە نتازیای زیاترە ئە ویش بۆئە وە ی زیاتر وزیاتر خزمە تی مناڵان بكا ئە وا (ئە مین محە مە د) بە ئە مە كە وە زۆر بە ڕاست گۆیانە پێنوسە كە ی هە ڵدە گرێت و كۆمە ڵێ چیرۆكی نایاب و پڕ فە نتا زیا بۆمناڵا ن دە نوسێت ، كە هە رلە ناونیشانە كە یانە وە تا ناوە رۆك
لێوان لێون لە خە یاڵ و بزواندی هە ست و خۆشی مناڵان و چێژ بە خشی پێان
ئە ویش كتێبێكی خنجیلە یە بە ناوی ( سە مای ماسی) كە پێك ها تووە لە كۆمە ڵێ چیرۆكی كورت وپوخت و بە سود بۆمناڵان .
تێۆژینە وە یە كی كورت بۆ چیرۆكی (سە مای ماسی(
(ئە مین محە مە د) لە م چیرۆكە دا زۆرئە دە بیانە
 باسی ئێش و ئازاری دابڕان دە كات
ئە ویش لە سە رزاری كۆترە باڵنە خشینە وە كە لە حاجی لە قلە قی هاوڕێی دابڕاوە یان بە هۆی كۆچی گە رمیان و كوێستانە وە كە نوسە ر زۆر زیرە كانە ها تووە و مامە ڵە ی لە گە ڵ ئە م بابە تە دا كردوە .
ناڕاستە وخۆ زانیاری زۆرگرنگ و بە سودی پێشكە ش بە منداڵان دە كات
پێان دە ڵێ وە ك سروشتی خۆیان هە ندێ لە باڵندە و گیان دارە كان
 كۆچی گە رمیان و كوێستان دە كە ن
ئە ویش بە پێی گۆرانی وە رزە كان هە ندێ جاریش گە ڕان بە دوای خۆراكدا
شایانی باسە ئالێرە دا پێویستە ئە وە ڕون بكە ینە وە .
كە نوسە ر چۆن مامە ڵە ی لە گە ڵ ئە م كارە كتە رانە دا كردوە
چونكە هە ندێكیان ئاویین و هە ندێكیان لە ووشكانیدا دە ژین .
لە م چیرۆكە دا بۆق ومراوی دە توانن ڕۆڵی نێوە ندگیری بگێڕین
چونكە مراوی و بۆق هە م دە توانن لە ناوئاودا بژین و هە م وشكانی
سە ركە وتنی (ئە مین محە مە د) لە م چیرۆكە دا لە وە دایە .
كە توانیویە تی بە خە یاڵێكی زۆر جوان ما مە ڵە یە كی ڕاستگۆیانە بكات
لە نێوان گیانداره كاندا هە رئە مە شە وای كردوە منداڵ زۆربە جوانی بیربكاتە وە
یاخود هۆشیان بجوڵێنێ كە چۆن ماسی و كۆترە باڵ نە خشین ببن بە ها وڕێ .
چیتر ئازارو دابڕانی حاجی لە قلە ق لە بیركۆترە باڵ نە خشین بباتە وە
نوسە ر لە م چیرۆكە دا مناڵ فێردە كات لە م گە ردونە دا
هیچ شتێك مە حاڵ نی یە و ئە گە ر بێت و هە ریە ك لە ئێمە
كۆشش وهە وڵ بدە ین ئە وا بە هە موو خە ون وئا مانجێكمان دە گە ین
بۆهە موو تە نگ وچە ڵە مە یە كیش چارە سە رێكی گونجاوهە یە .



# سەمای ماسی

• ئەمین محەمەد
• وێنە : سالیر بەدری


کۆترە بـاڵنەخشین لـەو سـاتەوەی لە حاجی لەقلەقی هاوڕێی دابڕابو لەم دار بۆ ئەو دار دەفڕی و جێگەی بە خۆی نـەدەگرت، زۆر بێئـارام بـو نەیـدەزانی چی بکات. بۆقیلەیەک لـەناو زەلکـاوەکەوە بانگیکرد: چییە باڵنەخشین؟ دەبینم نیگەرانی! باڵنەخشین وتی: بەڵێ! لـەو کاتەوەی لەقلەقی هـاوڕێم گەشتیکردووەو جێیهێشتوم زۆر بیری دەکـەم! زۆریش خەمبارم چـونکە من هیچ هاوڕێیەکی دیکەم نییە! بۆقیـلەکە وتی: گـەر پێت خۆشبێ من دەبمە هاوڕێت! بـاڵنەخشین وتی: مـن نابم بە هـاوڕێی تـۆ، چـونکە تۆ ناتوانیت وەک من بفڕیت.


باڵنەخشین بۆقیلەی جێهێشت و چو لەسەر لقی دارچنارەکەی کەنار روبارەکە هەڵنیشت. زۆر دڵتەنگ بو، لـەبەر خۆیەوە دەیوت "هەرگیز نەمدەزانی دابڕان لە هاوڕێ ئەوەندە بە ئازارە".


لـەو کاتەدا ماسیەسورە سەری لە روبارەکەوە دەرهـێناو وتی: چییە باڵنـەخشین زۆر خەمبار دیـاری؟! باڵنەخشین وتی: خەمباری لەقلەقی هـاوڕێمم! ئـەو بەجێیهێشتوم! سورە وتی: لێگەڕێ با لەقلەقی هاوڕێت ئازاد بژی، بە ڕۆشتنی ئـەو خەمبار مەبە! هەندێ لە باڵندەکان بە سروشـتی خۆیان وان، بەپـێی گۆڕانی وەرزەکان گەشـتی گەرمیان و کوێسـتـان دەکەن! بێگومانبە ئەو تۆ لەبیرناکات و دەگەڕێتەوە.

بـاڵنـەخشین وتی: ئاخر من ناتوانم بەبـێ هاوڕێ بژیم! هەست بەتەنیایی دەکەم! سـورە وتی: خەم مەخۆ، من دەبم بە هاوڕێت و تا لەقلەق دەگـەڕێتـەوە بۆ خۆمان بەیەکەوە یاریدەکەین. باڵنەخشین وتی: ئاخر تۆ ناتوانیت وەک من بفڕیـت و وەک مـن گۆرانی بڵێی، بۆیە نابم بە هاوڕێی تۆ!

چونکه له خه یاڵی کۆتره باڵ نه خشیندا وای ده زانی هه رگیزناتوانێ
ڕۆژێ له ڕۆژان ببێ به هاوڕێی ماسی چونکه پێی وابوو
ئه و له ئا ودا ده ژی خۆشی له ووشکانی به ڵا م خۆشبه ختانه
هۆکارێکیان دۆزیه وه جوانترین یارییان ده ست پێ کرد .
ئه مه ش ئه و  چیرۆکه یه كه باسی ده كه ین
کۆتره باڵنەخشین لەوساتەوەی لەحاجی لەقلەقی هاوڕێی دابڕابو لەم داربۆ ئەودار دەفڕی وجێگەی بەخۆی نەدەگرت.زۆربێ ئارام بو نەیدەزانی چیبکات بۆقیلەیەک لەناوزەلکاوە کەوە بانگی کردو پێی وت:چیە کۆتری ئازیز دەبینم کە مێک پەشۆکاوی ؟! کۆترەکە وتی :بەڵێ لەوکاتەوەی حاجی لەقلەقی هاوڕێم گەشتی کردوەو جێیهێشتوم زۆربیری دەکەم و بۆی خەمبارم .چونکەمن هیچ هاوڕێیەکی دیکەم نیە.بۆقیلەکە وتی :ئەگەرپێت خۆشە من دەبم بەهاوڕێت،کۆترەباڵنەخشین : پێی وت:تۆناتوانیت وەک من بفڕیت و بچیتەسەرلقی دارەکان ، من نابم بە هاوڕێیەتی تۆ .کۆترەکە هەڵفڕی و بۆقیلەکەی بەجێهێشت.چولەسەرلقی دارچنارەکەی کەنار ڕوبارەکەهەڵنیشت ،دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتنەخوارەوە.لە بەرخۆیەوە دەیوت هەرگیزنەمدەزانی دابڕان و دورکەوتنەوەلەهاوڕێ،ئەوەندە بەئازارە.لەوکاتەدا ماسیەسورەلەناوڕوبارەکەوەسەری دەرهێناو پێی وت:کۆترەباڵنەخشین بۆئەوەندە خەمباری؟!ئەوە چیە دەبینم دەگریت!کۆترەکە پێی وت:حاجی لەقلەقی هاوڕێم گەشتی کردوەو بەجێیهێشتوم ،ماسیەسورە پێی وت:کۆتری ئازیز خەمبارمەبە هەندێ لە باڵندەکان بە سروشتی خۆیان وان ، بەپێی گۆڕانی وەرزەکان گەشتی گەرمیان و کوێستان دەکەن .بێگومانبە تۆلەبیرناکات ودەگەڕێتەوە.کۆترەکەوتی:ئاخر من ناتوانم بەبێ هاوڕێ بژیم ،هەست بەتەنیایی دەکەم.ماسیە سورەوتی:خەم مەخۆ من دەبم بەهاوڕێت تاحاجی لەقلەق دەگەڕێتەوە بۆخۆمان بەیەکەوە یاری دەکەین.کۆترەکەوتی:خۆ تۆناتوانیت بفڕیت و بچیتەسەرلقی دارەکان ،ناتوانی وەکو من گۆرانی بڵێی بۆیە نابم بەهاوڕێی تۆ.ماسیەسورە وتی:تۆبەدەنگەخۆشەکەت بەگمەگم گۆرانی بڵێ و منیش لەناو شەپۆلی ڕوبارەکەدا سەما دەکەم ،ئەوەیارییەکی زۆر خۆشە! لەوکاتەدا مراوی بەغاکە ،غاک لەناوئاوەکەدا دەرکەوت ،دیاربو گوێی لەگفتو گۆی نێوان ماسیەسورەو کۆترە باڵنەخشین بو ،یەکسەر وتی :من زۆرحەزم لەسەماو گۆرانیە ،دەی بادەست پێبکەین منیش لەگەڵتان بەشداردەبم.کۆترەباڵنەخشین دەستی کرد بەگمەگم و گۆرانی وتن،ماسیەسورەش لەناوئاوەکەدا سەمای دەکردو دەمی دەجوڵاند.مراویەکە جار جار دەفڕی بۆسەرلقی دارەکان بۆلای کۆترەکەو بەغاک غاک گۆرانی دەوت،جارجاریش دەچوە ناو ڕوبارەکەو لەگەڵ ماسیەکەدا کلکی دەجوڵاندو سەمای دەکرد.بۆقیلەکەش لەناوزەلکاوەکەوەبەدەنگی بەرزو ئاوازێکی خۆش گۆرانی بۆدەوتن.کۆترەکەهەستی بەئارامیەکی بێوێنەدەکرد،چونکەلەتەنیایی ڕزگاری بو بو .بەگمەگم دەیوت:هیچ شتێک هێندەی تەنیایی ناخۆش و بێزار کەر نیە،سوپاس بۆتۆ ماسیەسورە ئێستا ئێمە هەمومان هاوڕێین ،ئیترلەوساتەوە کۆترە باڵنەخشین و هاوڕێکانی سەمادەکەن وگۆرانی دەڵێن .چاوەڕێی گەڕانەوەی حاجی لەقلەقن، لەسەرەتای وەرزی بەهاردا بگەڕێتەوە بۆلایان.
تێبنی: ئه م چیرۆكه له ژماره (252) له گۆڤاری په پوله بڵاوكراوه ته وه






# سلێمانی؛ 239 ساڵ تەمەن: لە تێکۆشان و خۆڕاگریی و بەردەوامی

## لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
## نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

ئەم دەقە شیعرییەی شاعیری کورد، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، خۆی لەخۆیدا کورت و پوخت ترین وەسفی سیاسییە بۆ ناسینی پێکهاتەو سروشت و تایبەتمەندی شاری سلێمانی.

ئەوشارەی کە هەر لەرۆژی دروستبووەوە تابگات بە ئەمرۆ، ئامادە نەبوە لەبەردەم دوژمن و نەیارانیدا سەر نەوی بکات و هەردەم بوەتە مەیدانی بزاوت و شۆرش و روبەروبونەوە، دژ بە ستەمکاری داگیرکەران، ئەوەش هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە، تابگات بەحوکمی ئینگلیزو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق.

ئەمرۆش 239 ساڵ بەسەر بنیاتنانی شاری سلێمانیدا تێپەڕ دەبێت، ناوبانگ و کاریگەری سلێمانی زۆر زیاتر لەتەمەنەکەی. بەوپێیەی سلێمانی شارێکە کەبەدرێژایی مێژووەکەی بوەتە مەڵبەندی خەبات و قوربانیدان و ئەدەب و رۆشنبیری و شانازی بۆ تەواوی کوردستان.

### مێژوی دروستبونی سلێمانی

بەرلەوەی بنەماڵەی بابانییەکان بیر لە دروستکردنی شاری سلێمانی بکەنەوە، ئیمارەتەکەیان لەگوندی (قەڵاچوالان) بو، لەگەڵ بەرفراوان بونی ئیمارەتەکەی، جموجوڵی ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانی شارستانی لەناوچەکەدا دەستی پێکرد، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بابانیەکاندا ململانێ و توندوتیژیی لەنێوان فارسەکان و عوسمانییەکاندا بەردەوام تاوی دەسەند، بەوپێیەی شوێنی جوگرافیای قەڵاچوالانیش نزیکی سنوری ئێران بو، واتە شوێنێك بو ببوە مەترسی شەڕو پێکدادانی نێوان لەشکری فارس و عوسمانییەکاندا، بۆیە هەریەکە لە "نادر شا و سوڵتان مەحمودی یەکەم" لەهەوڵی ئەوەدا بون ئیمارەتی بابان بەلای خۆیاندا رابکێشن، کێشمەکێشی ناوخۆیش لەنێو بنەماڵەی بابانییەکان و ئیمارەتە کوردییەکاندا بۆ کورسی و دەسەڵات ئەوەندەی دیکە مەترسی لەسەر ناوچەکە دروست کردبو، ئەمەش وایکرد مەحمود پاشای بابان لەساڵی (1781)ی زاینیدا بیری لەوە بکاتەوە کە ناوەندی بەڕێوەبردنی سیاسی ئەمارەتەکەی لەقەڵاچوالانەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە.وەک یەکەم هەنگاو سەرای حکومەتی لە نزیك گوندی مەڵکەندی دروستکرد.

دواتر ئیبراهیم پاشای بابان لەساڵی (1783) دا فەرمانڕەوایی ئیمارەتەکەی گرتە ئەستۆ و دەستیکرد بە دروستکردنی شاری سلێمانی. ئەوەبو لە رۆژی 14ی تشرینی دووەمی ساڵی 1784دا دروستکردنی شاری سلێمانی کۆتایی هات، لەهەمان ساڵیشدا بابانییەکان پایتەختی ئەمارەتەکەیان لەقەڵاچوالانەوە گواستەوە سلێمانی. بەمجۆرە بەردی بناغەی شارێکی نوێ لە قەدپاڵی چیای گۆیژە دانراو بوە پایتەختی میرنشینی بابان. هاوکات ئیبراهیم پاشای بابان بریاریدا لەسەر ناوی باوکی کەناوی سلێمان بو، شارە ناوبنێت سلێمانی.

ئیدی لێرەوە سلێمانی جگە لەوەی بوە پایتەختی میرنشینی بابان، لەهەمان کاتدا بو بەمەڵبەندێکی گرنگی سیاسی و بازرگانی و رۆشنبیری و رێبازە ئاینییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکان لەناوچەکەو کوردستانی گەورەدا، هاوکات زاراوەیەکی نوێ کەناونرا زاراوەی سۆران لەسلێمانییەوە لەدایك بو و دواتر پەرەی سەند، سەرئەنجام بوە زمانی خوێندن و نوسین و ئەدەب، لێرەوە زمانی سۆرانی بەتەواوی ناوچەکەدا بڵاوبویەوە.

میرنشینی بابان ساڵی 1851 لەسەردەستی عوسمانیەکان روخێندرا، لێرەوە سلێمانی کەوتە دەست خەلافەتی عوسمانی تا ساڵی 1922. واتە تا ئەوکاتەی خەلافەتی عوسمانی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا روخا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵی مەلیك مەحمود بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك کە سلێمانی پایتەختی پایتەختی دەوڵەتەکەبوو، بەڵام سلێمانی بەدەر لەخواستی خۆیی و بەرێککەوتنی دەوڵەتانی ئیستیعمار، لەدەیەی دووەمی سەدەی رابردوودا، بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە لکێندراو تائەمرۆش وەک بەشێك لەخاکی عێراق هێڵدراوەتەوە.

### جوگرافیاو ئاو هەوای سلێمانی

شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (34 - 36) پلە لەسەر هێڵی کەمەرەیی و هێڵی درێژی (45 - 46) پلە لە رۆژهەڵاتی هێڵی گرینیچی گۆی زەوییەوە، واتە دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و رۆژهەڵاتی باشوری کوردستانەوە.

لە باکوری رۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە شاخی ئەزمەڕ (1700م) و گۆیژە (1525م) و قەیوان دەورە دراوە، لە باشوریشەوە بە چیای بەرانان (1373م) و لە رۆژهەڵاتیشەوە دەشتی شارەزور دەستپێدەکات کە درێژییەکەی (45کم) و پانییەکەی (15کم)ە.

شاری سلێمانی (853م) لە ئاستی روی دەریاوە بەرزە و ئاو و هەواکەی بە دەریای ناوەڕاستەوە کاریگەرە و لە زستاندا سارد و باراناوییە و هاوینیشی وشك و گەرم و بێبارانە، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان پلەکانی گەرمای شەو رۆژ و وەرزەکانی ساڵیدا بەدیدەکرێت.

ئەمشارە ناوەندی پارێزگای سلێمانییە، کە هاوسنوری ئێرانەو (140) کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە دورە.

شوێنی سلێمانی بە قەدپاڵی چیای گۆیژەوە هەڵبژێراوە، لە دورەوە هەمیشە چەشمەندازی چیای بەرزی پیرەمەگرونە کە (2670م) بەرزە و لای رۆژئاوایەوە چیای گڵە زەردە دیارە. شوێنی کۆنی سلێمانی لە سەرەو لێژی خوار گۆیژەدا هەڵبژێردراوە، بەڵام دەوروپشتی شاری کۆن، کۆمەڵێك گرد بو، کە لە سەردەمی دامەزراندنی شاردا شوێنی کشتوکاڵ بون و وردە وردە هەندێکیان بون بە گۆڕستان لەگەڵ گەورە بونی شاردا، زۆربەی ئەو گردانە بون بە خانو، دەتوانین بڵێین شاری سلێمانی ئێستا چوار دەوری بە چیا تەندراوە

ئاو و هەوای ناوچەی سلێمانی بە زۆری لە ئاو هەوای ناوچەی دەریای ناوەڕاست دەچێت، بەگشتی پلەی گەرمای هاوین دەگاتە (40) پلەی سەدی و ئەگەر بەرەو رۆژئاوا بیبێتەوە تا (24)نزم دەبێتەوە.

تێکرای گشتی باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان (٤٠٠-٦٠٠ملم). بێگومان لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانیدا ئەگاتە ١٠٠٠ ملم و هەندێکجار زیاتریش.

سلێمانی بەردەوام، لەهەرچوارلاوە بای بۆ دێت، جاران لە دوانزە مانگی ساڵدا هەشت مانگ بارانی تیادا دەباری، بەڵام ئێستا وەك بەشێك لە دیاردەی گەرمبونی زەوی ماوەو رێژەی باران بارینی تێدا کەم بۆتەوە.

تەوژمی پاڵەپەستۆی هەوا و پلەی گەرما پێچەوانەی یەکترن. واتە هەتا پلەی گەرمی بەرزتر بێتەوە، با یاخود هەوا، ئەکشێ و بۆشایی تیا پەیدا ئەبێت و قورسای کەم ئەبێتەوە، بەوە تەوژمەکە کەم ئەبێتەوە بۆیە گەرما کاریگەرترین شتە لەسەر پاڵە پەستۆی هەوا هەر ئەمەشە وای کردوە سلێمانی بە شاری "رەشەبا" بناسرێت .

### پێکهاتەی سروشتی شاری سلێمانی

رۆژنامەی ژین لە ساڵی 1955دا بەمجۆرە باسی سنورو دیزاینی گەڕەکەکانی سلێمانی کردوە: پانی روی شاری سلێمانی (20) ملیۆن و (250) هەزار مەترەو نزیکەی حەوت هەزار خانوی تێدایە، لە چەند گەڕەکێکی سەرەکی پێکهاتوە ئەوانیش (کانی ئاسکان، گۆیژە، مەڵکەندی، سەرشەقام، چوارباخ، دەرگەزێن و جولەکان).

بەنمونە گەڕەکی گۆیژە، یەکەم گەڕەکی سلێمانیە لە کۆنی و گەورەیدا بەناوی چیای گۆیژەوە ناونراوە، کە لەگەڵ دروستکردنی شارەکەدا ئەم گەڕەکە دروستکراوە .

دەرگەزێن دووەم گەڕەکی کۆنی سلێمانیە و هەندێك سەرچاوە دەڵێت دانیشتوانی یەکەمی ئەم گەڕەکە لە گەڕەکی (دەرگەزێن)ی شاری هەمەدانەوە هاتون دو گەڕەکی بچوکیش کە (سەرگۆڵ) و (کارێزی دایکی پاشا)ن بەستراونەتەوە بە گەڕەکی دەرگەزێنەوە.

هەروەها سابونکەران یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی و هاوکات لەگەڵ دروست کردنی شارەکەدا دروست کراوە و ناوەکەشی لەوە نراوە کە پیشەی دانیشتونی ئەم گەڕەکە دروستکردنی سابون بوە (بە شێوەیەکی سەرەتایی)، دوای ئەوانیش هەریەکە لە گەڕەکەکانی کانی ئاسکان و سەرشەقام و جولەکان و گەڕەکی سەرچیمەن، لەهەرە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانین.

بە دوری (60 کم) لە شاری سلێمانی بەنداوی دوکان هەیە کە یەکێکە لە بەنداوە گەورەکانی عێراق و جگە لەوەی ناوچەیەکی گەشتوگوزاری و هاوینەهەوارێکی دڵرفێنە کە گەشتیاران لە ناوخۆ دەرەوە سەردانی دەکەن. هەروەها چەند هاوینەهەوارێکی دیکەی سەرنجڕاکێشیش لە سنوری شارەکەدایە لەوانە سەرچنار، ئەزمەڕ، قەرەداغ،

ئەحمەدئاوا، هەورامان، سەرتەکی بەمۆ، کونەماسی و چەندین هاوینەهەواری دڵڕفێنی دیکەش.

هاوکات، لەناو شاری سلێمانی دا بەرزی و نزمی و گردۆلکەی زۆر هەبون لەنمونەی (هەوارە بەرزە ــ گردی عەلی ناجی، گردی ئەندازیاران ــ گردی سەرچنار و هتد) ئەمانە بەشوێنی بەرز دادەنرێن، بەڵام سلێمانی کۆن وەك دەرگەزێن و چوارباخ و کانێسکان و سەرچنار و سەرشەقام تا بەرەو خوار دەبیتەوە هەردو چەمی تانجەرۆ و قلیاسان نمونەی ناوچە نزمەکانی سلێمانین.

لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابان کە حاکمی سلێمانی بووە چوار باخی دروستکرد، ئێستا ئەو چوارباخە بوون بە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی. لەبەر ئەوەی ئاوی سلێمانی زۆر بووە، سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ باخداری و سەوزکردنی شار..

لەئێستاشدا ناوەندی شاری سلێمانی لە 470 کیلۆمەتر چوارگۆشە پێکهاتووە، شارەکە لە 213 گەڕەك پێکدێت و 8 پارکی سەوزایی گەورە و 523 باخی بچوکی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی 13%ی رووبەری شارەکە سەوزایە. باخی گشتی یەکێکە لە دیارترین باخەکانی شار، هاوکات چەندین باخچەو پارکی تر دروستکراون. لەنمونەی پارکی ئازادی، پارکی هەواری شار و پارکی دایك.

**ئاماری دانیشتوانی سلێمانی لەدوای دروستبونیەوە**

میستەر ریچ کە ساڵی (1820) هاتۆتە سلێمانی واتە (26) ساڵ دوای دروستکردنی شارەکە، ژمارەی دانیشتوانی بە (10) هەزار کەس خەمڵاندوە. ریچ دەڵێت: سلێمانی (2000) ماڵی ئیسلام. (130) ماڵە جولەکە (نۆ) ماڵی دیانی کلدانی (پێنج) ماڵی ئەرمەنی تێدا بوە، کۆی ماڵەکان دەگاتە (2144)، ئەگەر هەرماڵێك بە پێنج کەس دابنێین ئەکاتە (10720) کەس.

دواتر بەگوێرەی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٩٠٧ ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی ٨٧٠٢ کەسی موسڵمان و ٣٦٠ کەسی نا موسڵمانی تێدابوە ئەمەش دەکاتە ٩٠٦٢ کەس.

سەرچاوەکانی تر لە ساڵی (1913) دا ژمارەی دانیشتوانی هەمو ناوچەی سلێمانییان بە (51600) کەس داناوە کە (48600) یان موسڵمان و (900) یان دیان و (2100) یان جولەکە بون.

دواتر لەسەردەمی ئینگلیزدا بە گوێرەی رۆژنامە (پێشکەوتن) ساڵی (1920) ژمارەی خەڵکی شارەکەیی بە (62722) کەس داناوە. دواتر ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی (1947) دا بە گوێرەی تۆماری رەسمی (23475) کەس بوە. دواتر ساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتوەتە (48812) کەس.

لە ساڵی ١٩٩١دا، پارێزگای سلێمانی بە هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین و یەکە کارگێڕییەکانی دیکەوە ژمارەی دانیشتووانی ٩٥١.٧٢٣ کەس بووە.

دواتر لەساڵی ساڵی (1998) بەگوێرەی ساڵنامەی سلێمانی ژمارەی دانیشتوانی سنوری پارێزگای سلێمانی (1127226) کەس بوە.

لەساڵی ٢٠٢١دا ژمارەی دانیشتوانی سنووری پارێزگای سلێمانی، بەپێی ڕوپێویی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی (سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین) و یەکە کارگێڕییەکانی دیکە بە ٢ ملیۆن و ٥٣٦ هەزارو ١٦٢ کەس خەمڵێندراوە.

بەڵام بەپێی دوای ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق لەساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی دانشیتوانی پارێزگای سلێمانی لەئێستادا گەیشتوەتە ٢ ملیۆن و ٣٩٦ هەزارو ٢٠٦ کەس.

لەئێستاشدا سلێمانی یەکێکە لەگەورە پارێزگاکانی عێراقە لەڕوی ژمارەی یەکەی کارگێڕییەوە بەجۆرێک کەدابەشبوە بەسەر 16 قەزا و 46 ناحیە و 2 هەزار و 248 گونددا.

**بازاڕ و قەیسەرییەکانی شار**

لە دروستبونی سلێمانییەوە بەردەرکی سەرا و دەوروبەری ناوەندی شاری سلێمانی بوە ، بۆیە دوکان و بازاڕ زیاتر ئەو ناوەی گرتۆتەوە ، مێجەرسۆن لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی سلێمانی لە ساڵی (1908) باسی (خانی عەجەم) و (خانی غەفورئاغا) و قەیسەری وەسمان پاشا و قەیسەری نەقیب ئەکات، واتە لە پێش هاتنی مێجەرسۆنەوە ئەم خان و قەیسەرییانە لە سلێمانی هەبون، ئێستا تەنیا قەیسەری نەقیب وەك خۆی ماوە، بەڵام خان و قەیسەرییەکانی تر نەماون و شوێنەکانیان ئێستا دوکان و بازاڕە، لە دوای ئەمانەوە کە سلێمانی فراوان بوە و شەقامی تیا دروستکراوە لە سەر شەقامە سەرەکییەکان و سەنتەری شار و گەڕەکەکاندا بە سەدەها دوکان و بازاڕی تیادا دروستکراوە.

لەدیارترین ئەو پیشەو کارانەش کەلەگەڵ دورسبونی دوکان و بازارو قەیسەریەکانی شاری سلێمانیدا پەرەیان سەندو مۆرکی سلێمانییان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرت بریتی بون لە: (ئاسنگەری، جۆلایی، موتابچیەتی، چەرخی مو رستن، کارگەچێتی، وەتراقچی (کۆنە فرۆش)، چەخماخسازی، شیرگەری، مسگەری، خومچێتی، زین و کۆپان و بەرگدرو چەندان پیشەی دیکەی رۆژانە. بەشێکی زۆری ئەو وەستایانەش کەبەم کارانە هەڵدەستان لەشارەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتبون و لەسلێمانیدا گیرسانەوەو پەرەیان بەکارەکانیاندا.

**سلێمانی: پایتەختی هەستی نەتەوایەتی کوردستان**

کریس کۆچێرا نوسەر و رۆژنامەنوسی دیاری فەرەنسی دەربارەی تایبەتمەندی شاری سلێمانی دەڵێت:سلێمانی پایتەختی روحی ناسیۆنالیزمی کوردی عێراقە.

ئەم بۆچونەی کریس کۆچێرا لەوێوە سەرچاوەی گرتوە بەوپێیەی سلێمانی نەچۆتە ژێر باری پلانی ئینگلیزەکان کاتێک لەمیانی جەنگی جیهانی یەکەمدا هاتونەتە باشوری کوردستان و ئەو پارچەی کوردستانیان بە دەوڵەتی عێراقەوە لکاندوە.

بەدیاریکراوی لەوکاتەدا دەنگی ناڕەزایەتی لەلایەن دانیشتوانی سلێمانیەوە بەرزەوە.

لێرەوە سلێمانی بوە یەکەم شاری ژێردەستی بەریتانیا، لەساڵی ١٩١٩ دژی داگیرکاری ئینگلیزەکان چالاکی مەدەنیی و ناڕەزایی جەماوەرییان، ئەنجامدا.

گرژی پەیوەندی ئینگلیزەکان و سلێمانی بووە هۆی ئەوەی ساڵی 1922 راستەوخۆ لەلایەن فرۆکەکانی بەریتانیاوە شارەکە بۆردومان بکرێت، بەو هۆیەشەوە سەدان هاوڵاتی سلێمانی بونە قوربانی.

پلانی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەساڵی 1917 دارێژرا کاتێك لەبەسرەوە هاتنە عێراق، بەڵام پلانەکە پێچەوانەی خواستی کورد بوو بۆیە مەلیك مەحمود لەسلێمانی دەوڵەتێکی راگەیاندوو خۆی بووە مەلیکی دەوڵەتەکە، بەڵام ئینگلیزەکان جەنگیان دژی بەرپاکرد، سەرئەنجام کۆتاییان بەدەسەڵاتەکەی هێناو خۆشیان دورخستەوە.

لەو بارەیەوە (ئی ئەف وێرسن) سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوەو راپرسی کۆمەڵەی گەلان کاتێک لەساڵی ١٩٢٤ بۆ مەبەستی راپرسی لەسەر چارەنوسی ویلایەتی موسڵ، دێتە سلێمانی، دوای گەڕانەوەی لەبیرەوەریەکانیدا دەنوسێت: مانەوە لەسلێمانی زۆر خۆش بوو مرۆڤ دەیتوانی وێنەیەکی چاکی عەقڵیەتی نوێی کورد لەوێ ببینێت، لەسلێمانی هەوڵی رۆشنبیری کوردی بەدی دەکرا و داهاتویەکی گەش لەوشارە چاوەڕوان دەکرێت.

**شاری هەڵمەت و قوربانی لەسەردەمی عێراقی نوێدا**

سلێمانی هەمیشە دژی دەسەڵاتە داگیرکەر و دڵرەقەکانی بەغداد بووە، لەوپێناوەشدا قوربانی زۆری داوە. ساڵی ١٩٣٠ دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیا و دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق گەیشتنە ئەوەی رێککەوتنی گەڕانەوەی سەروەریی بۆ عێراق ئیمزا بکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك رێککەوتنەکە باسی کوردی تێدانەبوو، دانیشتوانی شارەکە بایکۆتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی 6ی ئەیلولی ساڵی 1930 یان کرد. نەك هەر ئەوەش بەڵکو خەڵکی شارەکە بە هاندانی شاعیر و هونەرمەند و رۆشنبیرانی ئەو کات، لەبەردەرکی سەرا کە شوێنی دەسەڵاتدارانی حکومەت بوو، کۆبونەوەو خۆپیشاندانێکی فراوانیان ئەنجامدا، لەبەرامبەردا دەسەڵاتدارانی ئەوکات پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی هێز، ئەوەبو لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕەپانی سەرا، بووە شوێنی شەهیدبونی ٦٠ کەس و بریندار بونی دەیان کەس، جیا لەوەش هەر لەو رۆژەدا رەشبگیرو راوەدوونانی چالاکوان و نوخبەکانی شار دەستی پێکردو ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکرد.

لەسەردەمی حکومەتە یەکلادواى یەکەکانیشدا، بەتایبەتی لەسەردەمی بەعسیەکاندا سلێمانی و شۆرشگێرەکانی پێشەنگی روبەڕوبونەوەی ستەمکاری رژێمی بەعس بون، لەشۆرشی شاخ و شاردا. لەلایەکی دیکەوە شاری هەڵەبجە کە ئەوکاتە بەشێك بوو لەپارێزگای سلێمانی لەساڵی ١٩٨٨دا بەگازی کیمیایی هێرشی کرایەسەرو پێنج هەزار هاوڵاتی بونە قوربانی، هاوکات چەند ناوچەیەکی سلێمانیش لەهەمان ساڵدا بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن و بەهەزاران هاونیشتیمانی بونە قوربانی. دواتر لە بەهاری ساڵی 1991یشدا سلێمانی بوە پێشەنگ و دەستپێشخەری راپەرین دژ بەرژێمی بەعس.

لەدوای راپەرینیش سلێمانی لەبیری نوێ و رۆشنبیری و رۆشنگەری پێشەنگ بووە، ئەگەرچی یەکێتی و پارتی شەڕی ناوخۆیان بەرپاکرد و هەموو دەرگاکانی ئازادیان داخست، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی رۆڵی سلێمانی لەفکر و ئەندێشەی نوێ پەك بخەن.

رۆژی ٥ی ١١ی ساڵی 2000 و لەقۆناغێکی زۆر ناسك و هەستیاردا کە هێشتا کاریگەریەکانی شەڕی ناوخۆ و ئاوارەیی بەرۆکی هەرێمی بەرنەدابوو یەکەم رۆژنامەی ئەهلی لەسلێمانی دەرچوو کە رۆژنامەی هاوڵاتی بوو، هەروەها لە 2009/7/25 و لەسەردەستی نەوشیروان مستەفا بۆیەکەم جار لەمێژووی کوردا ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی لەشاری سلێمانیەوە لەدایک بو.

سروشتی سلێمانی وایە، هەمیشە ناڕەزایەتییەکانی دەباتە سەر شەقام، ئیتر بۆی گرنگ نییە کێ لەدەسەڵاتدایە. ئەمەش وایکردوە نزیکەی سەد ساڵە ئەم شارە بۆ زۆر رووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوەی بە چەک بە دەستی نەهێنابێ پەنای بۆ چالاکی مەدەنیی بردووە. تەنانەت لە دوای راپەڕین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە شاری سلێمانی،

دەیان و بگرە سەدان خۆپیشاندانی نارەزایی دژ بە دەرکردنی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان و خراپی سیستمی حوکمڕانی و پێشێلی ماف و ئازادی و قۆرغی دەسەڵات و نەبونی خزمەتگوزارییەکان بەڕێوەچون. واتە سلێمانی لەسەردەمی حکومرانی کوردیشدا هیچ کات، بێدەنگ نەبوە. بەدرێژایی دو دەیەی رابردو هاوڵاتیانی ئەم شارە دەنگی نارەزایاتییان بەرامبەر حکومرانی و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرزکردوەتەوە، لەو پێناوەشدا دەیان هاوڵاتی لەشاری سلێمانی و قەزاو ناحییەکان، بونەتە قوربانی و لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە شەهیدکران، لەنمونەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی رۆژانی ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی دواتر.

سلێمانی جگە لەوەی لانکەی رۆشنبیر و تێکۆشەران بوە، مەڵبەندی هەڵگیرسانی چەندان شۆڕش و راپەڕینیش بوە لە مێژوی کوردستاندا. هەر ئەمەش وایکردوە ئەم شارە لەنێو بزاڤی رۆشنبیری و شۆرشگێری کوردیدا نازناوی شاری هەڵمەت و قوربانی پێ بدرێت.

## سلێمانی پایتەختی هونەرو ئەدەب و رۆشنبیری

لەگەڵ دروستبونی شاری سلێمانیدا، لایەنێك هەیە کەهەرگیز ناتواندرێت فەرامۆش بکرێت ئەویش ژیانی ئەدەبی و و هونەری رۆشنبیرییە. سلێمانی لەو بوارانەدا بەخشینێکی گەورەی پێشکەش بە مێژوی رۆشنبیری کوردستان کردوە، هەمو ئەو بەرفراوانییەش بۆ دەوری ئەمارەتی بابان و دامەزراندنی شار و دواتر بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و رۆڵی هەمو ئەو مەلا و زاناو شاعیر و نوسەرانەدەگەرێتەوە، کە لە مزگەوت و حوجرەکاندا وانەیان دەوتەوەو خوێندکارەکانیان پێدەگەیاند.

بەنمونە لەسەردەمەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، سێ کوچکەی بابان نالی و سالم و کوردی قوتابحانەی شیعری بابان دروستدەکەن و ئەگەر ئەو قوتابخانەیە لە روی ناوەڕۆکەوە گەلێك دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆماندا نەمابێت، بەڵام بێگومان فۆرمی ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان زادەی بەرەوپێشچونی فۆرمی ئەو ئەدەبەیە، تەنانەت ئەو زمانی پێی دەنوسرێت هەر ئەو زمانەیە کە ئەوان لەنوسینی شاعیرانی کلاسیکدا بەکاریان هێناوە.

ئەم شارە لە ڕێڕەوی دامەزراندن و پەرەسەندن و چەسپاندنی خۆیدا لە کۆڕی شارستانێتی و پێشڕەویدا کۆمەڵێکی زۆر لە ئەدیب و نوسەر و شاعیری باشی تێدا هەڵکەوتوە، کەبونەتە سەرچاوەیەکی گەورەی مەعریفی بۆ شاری سلێمانی و تەواوی کوردستان. لەنمونەکانی (نالی، سالم و کوردی، مەحوی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، پیرەمێرد، گۆران، بێخود، مەلا ساڵحی حەریق، زێوەر مەلا عەبدوڵلا، شێخ مارفی نۆدێی، مەلا عەبدوڵلای بێتوشی، سەید ئەحمەدی نەقیب، شێخ حسێنی قازی، حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژە، محەممەد فەیزی زەهاوی، جەمیل سدقی زەهاوی، ، ساڵح ئەفەندی ئاهی، تایەر بەگی جاف، وەلی دێوانە، عەلی بەردەشانی، ئەحمەد موختار جاف، مەلا عەزیزی موفتی، جەمال عیرفان، ئەمین زەکی بەگ، فایەق بێکەس، زێوەر، تۆفیق وەهبی، وەلی دێوانە، کاك ئەحمەدی شێخ و شێرکۆ بێکەس و سەدان نوسەر و شاعیری دیکەی دوای ساڵی پەنجاکان، کەهەمویان بون بە بەشێکی گرینگ لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخ لەتەواوی کوردستاندا.

ئەم بوارە بەرفراوانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت سلێمانی تێیدا پێشەنگە و هەمیشە ئەو نووسەر و شاعیرانە ڕۆڵی بەرچاویان لە بزوتنەوەی کوردایەتیشدا هەبووە و بوونەتە داینەمۆی شۆڕشەکان، یەکێکی تر لە ئەو شتانەی کە سلێمانی بە شاری ڕۆشنبیری ناساندوە ئەوەیە کە یەکەم چاپخانە کە لە کوردستان کەوتبێتەکار لە سلێمانی بوە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرچووبێت هەر لەسلێمانی بووە.

هاوکات لەم شارەدا ژنان رۆڵی دیار و بەرچاویان هەیە لە دامو دەزگا و دامەزراوەکاندا بە تایبەتی لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئازادی رادەربڕین و زیندوێتی کارو جوڵە لەم شارەدا سیما و خەسڵەت و پێناسەی سلێمانیە.

بەهۆی رۆڵی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیری ئەم شارەوە، رۆژی سێی کانونی دوەمی ساڵی (2012) پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ یاسای بە پایتەختکردنی شاری سلێمانی بە شاری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان- عێراق، پەسەند کرد و بەپێی ئەو یاسایەش، سلێمانی بە فەرمی و یاسا بو بە پایتەختی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان و بڕیاردرا ساڵانە، لەسەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری بودجەیەکی تایبەتی بۆ پایتەختی رۆشنبیریی سلێمانی تەرخان بکرێت.

ئێستا، لە سلێمانیدا دەیان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تێدایە و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری لێوە دەردەچێت و ژمارەیەکی زۆریش ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تێدا پەخش دەکرێت، لەم شارەدا چەندین گرووپی شانۆ و مۆسیقا و نیگارکێش و هونەرمەندی شێوەکار هەیە و جگە لە زانکۆی ئەمریکی و زانکۆی سلێمانی چەندین زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەی بیانی تێدایە. ئەم شارە پڕە لە هۆڵی چالاکی و بەردەوام بەرنامەو ڤیستیڤاڵی هەمەجۆری هونەری و میوزیک و سینەمایی و ڕۆشنبیری تێدایە. ڕۆژانەش لێرەو لەوێ چالاکی هەنوری و ئەدەبی بەرێوەدەچن.

لەبەر رۆڵی دیاری ئەم شارە لەبواری رۆشنبیریدا، لە ساڵی 2019شدا، شاری سلێمانی بەفەرمی لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە بە شاری داهێنەر لە بواری ئەدەب لەجیهاندا ناسێندرا.

بەمجۆرە شاری سلێمانی، بەشاری زیندوی سیاسەت و ئەدەب و رۆشنبیری و هونەرو ژیاندۆستی لای خەڵکی شارو ناوچەکانی تری کوردستان وێنا کراوە. سروشتی کەشوهەواو تۆبۆگرافیاو تایبەتمەندی پێکەوەژیانی دانیشتوانەکەی بەجۆرێکە، خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و عێراق حەزدەکەن تێیدا بژین، لەئێستاشدا لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە خەڵکێکی زۆر ڕو لەسلێمانی دەکەن.


بەمجۆرە سلێمانی بوەتە پەناگەی هەمو ئەو هاوڵاتییانەی روی تێدەکەن، هەر لەبەر ئەمەش سلێمانی نازناوی شارە حەیاتەکەشی پێ بەخشراوە.

*********************

سەرباری ئەم مێژوە پرشنگدارەی سلێمانی کە لێرەدا باسکرا، بەڵام لەئێستادا ئەم شارە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە برستی لێبراوەو ماندوکراوە. حکومەتی هەرێم نەک وەک پێویست و بەراورد بەشارەکانی دیکە خزمەتی ناکات و گەشەی پێنادات، بەڵکو سلێمانی رۆژ بەرۆژ زیاترو زیاتر روبەروی ناعەدالەتی خزمەتگوزاری دەبێتەوە، بەرادەیەک هەندێک جار ئەم شارە بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاریی و رۆژانەکانەوە، خەریکە ژێر خاشاک دەکەوێت. لەونێوانەشدا هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ململانێ بەردەوامەکانی نێوانیان، هێندەی دیکە بونەتە سەرچاوەی ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی ئەم شارەداو رۆژ بەرۆژ سلێمانی و خەڵکەکەشی ماندوتر دەکەن.





# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## چوارتاو چراکانی

## بەشی ٢ دوو

### جەلالی عەلە وورگە پارتیزانێکی کارامە

### پیاوێک لەرِەشە رِەیحانە ،پێشمەرگەیەک لەئاگر

گەشمردە نەمر :جەلال عەلی ناسراو بە /جەلالی عەلە وورگە ی چوارتا/ بەرێزەوە وا ناسراو بوو
جەلال کوری کابرایەکی هەژارو نیشتیمان پەروەری شارۆچکەی چوارتا بوو ،ئاستی خوێندەواری کەم بوو ،هەر قوتابخانەی سەرەتایی کەم تا زۆر خوێند بوو ،پێشمەرگەیەکی جوستوو چالاک بوو، لە مەکتەب عەسکەری و،لەسنوری هەرێمی ٣ و دوایی لەسنووری تیپەکانی ٣١ و ٣٣ و ٣٧ لەناوچەی شارباژێرو ..سیوەیل و ...تاد .پێشمەرگە بوو. فەرماندەی دەستە .مەفرەزە بوو ساڵانی سەرەتای هەشتاکان .
جەلال ووریای و ئازایەتیەکەی پشکۆیەک بوو لەسەر جەستەیی خۆی ئەسووتاو گرِی ئاگری نەورۆزی چوار وەرزەو مانگ و رِۆژو ساڵی خۆش ئەکرد ،هێندەی نیوەشەوی برِی بوو بەرێگاو بانەوە کەوتن هەڵەنگوتن لچکی پشتێنەکەی ئەمییان ئەگرت بۆ درِینی تاریکی .هیلاک نەبوونی هەنگاوی بێزار ئەکرد ،هەموو تووڵە رِێ و بنارو شاخ و پێدەشت تەپەی هەنگاویان ئەناسی .

//// لەدەمی نەمرکاکە حەمەی حاجی سەعیدەوە کە پێشمەرگەی دەستەکەی بوو /////
ساڵی ١٩٨٢ بوو هەڵە نەبم ، لەمامە خەلان بووین چەند پێشمەرگەیەک بوین جەلال ئەو کات فەرماندەی مەفرەزەکەمان بوو ،چەند پێشمەرگەی تری ئەم لاو لاش لەناو دێدا بوون ، دوانیوەرِۆیەک گەرما هێشتا بن کەپرو دارەکانی لەخەڵک پرِ کردبوو ، رِێگاکان لەرِێبواران خاڵی بوون ،جەلال ووتی ئیشێکی بچکۆلەم هەیە ئێستا دێمەوە ،ئیشەبچکۆلەکەی وون بوو دیار نەما ،،بوو بە ئێوارەو شەو و نیوەشەو هەردیار نەبوو ،لە لای چوارتاوە بوو بەتەقە ،ئێمە گومانمان هەبوو جەلال بێت بەڵام بەتەنیا شتی وانابێت لەیەک و دووە ئەوە بووین پاسەوانیمان دەرکردو ، بەئاگاوە لەناو دێ ماینەوە ،بۆ بەرەبەیانی رِووناک و لێڵ جەلال پەیدا بوو پاسەوانەکە بانگی کردین جەلال هاتەوە ،لەدەوری کۆ بووینەوە ،جەلال لەکوێ بویت ؟ چیت بەسەرهات بۆ ..بۆ ...بۆ ..؟ بۆکانمان زۆر بوون ،بەدەم زەردەخەنەیەکەوە یەک مژی قولی لەجگەرەکەی دەستی دا دوکەڵ لەهەموو کونەکانی دەم و چاوی یەوە هاتە دەر ،تەمێکی کەم خایەنی لەسەر رِووخساری دروستکرد ،نەیهێشت تەمەکە برەوێتەوە نەفەسێکی ترو ،بەهێواشی ووتی لەچوارتا بووم ئەمشەو بەتەنیا چووم ،لەگەڵ ووشەو پیتەکانی دەم بزواندنی دوکەڵ وەکو پەڵە هەوری بەربا بەهەرجوار لای دەم و چاویا ئەهات و ئەچوو ،لەژێر دوکەڵی هەور ئاسای سەردەم و چاویا بەتەڵخی پێکەنینمان ئەدی و گوێبیستی قسەکانی بووین و یەکسەر پرسیارو قسە دروست بوو بۆ بەتەنیا ...؟ بۆ بەئێمەت نەووت ؟..بۆ ..بۆ...هتد ..!!!،جا بەتەنیا جیت کردووە خۆ هیچ ناکرێت ،هەر هیلاکیت پێ براوە ...زۆرشتی تر .
جەلال هەر بەدەم نەفەسی جگەرەکەیەوە کە بەحاڵ مابوو خەریکبوو پەنجەی ئەسووتان تۆزو ماندوو بوون دایپۆشی بوو بەڵام ئەو ئەتگوت تازە لەخەو هەڵساوە ،هەر پێئەکەنی چەند هەنگاو لەمزگەوتەکە نزیک بۆوەو ،ووتی دوێنێ هەردوا نیوەرِۆ لێرە دەرچووم نەم هێشت کەس پێم بزانێ نە ئاوایی و نە پێشمەرگە ،خەڵکیشم لەرِێ تووش بوون نەم هێشت بمبینن خۆم لێ لادان ،تاریک و رِوونی ئێوارە گەیشتمە پشتی چوارتا لای شیوی دۆڵێ ،دانیشتم تا جوان تاریک بوو هەرچوار دەوری خۆم دەبینی ،دوایی چوومە خوارەوە بۆ لای ناو دێ لەوێ دوو سێ سەڵیەم بۆ دەورو پشتی سەربازگەو پایەگاو رەبایەکان شەل و کوێرم ناپارێزم تەقاندو خۆم کرد بەدۆڵەکەدا لەوێشەوە دوایی تۆزێک چەند فیشەکم تەقاند ،هەرچی ئەو ناوە بوو کردیان بە تەقە ،جا هاتم بۆ شیوی دۆڵێ قلێشە گا بەردێکی لێ یە چوومە ناویەوە هیچ نایگرێتەوە دڵنیاشم سەرباز بەو شەوە نایەنە ئەوێ ئەگەر دەریشچن دەرەوەی شارە ،بۆ خۆم دانیشتم جگەرەم ئەکێشا هەر تەقە نەمایە چەند فیشەکێ بۆ ئەمبەرو ئەوبەر تاوەکو بەیانی نەمهێشتووە کەسییان بنوون ئیسراحەت کەن بەیانی زووش هەموویان لە ئامادە باشیدان و سەربازو جاش دەرئەچن بۆ هەموو لایەک ،مانای وایە من دوو سێ مەخزەنێک فیشەکم تەقاندووە پاکەتێ جگەرەم بۆ خۆم کێشاوە هەموو چوارتام شێواندووە چەندین سندوقە فیشەکم پێ تەقاندون نەم هێشتووە کەسیان بنون و پشوو بدەن تابەیانی بەتایبەتی ئەو چەند رِەبایەیەی حاجی موساو سەرقەڵات .....منیش نەکەسم هیلاک کردووەو نەبرینداروو نە گەشمردە ،هەرخۆم بووم بەتەنیا رِۆیشووم و بەسەلامەتی گەراومەتەوەو هەموو چوارتاشم شێواندووە ئەوان چووزانن کێ و چەند کەس ئەم کارە دەکەن من لە چەند شوێنێکەوە تەقەم کردووە ئەوان حسابی زۆر زیاتر ئەکەن ئەوە شەرێکی نەفسی بەهێزە بۆ دوژمن و بێزار کردنی ،،شەرت نی یە هەر بیان کوژین بێزارکردنیش لەکوشتن خراپترو بەئازارترە ،ئەمە بەرنامەو تاکتیکێکی پارتیزانیانەی کاکە جەلال بوو کە لەهیچ دەورەو قوتابخانەو کۆلیژێکی سەربازی نەیخوێندبوو ،لەپراکتیزەکردنی خەباتی خۆیدا فێر ببوو ئەیزانی چۆن سەر لەدوژمن دەشێوێنێ دیارە ،بێجگە لەم کارە تاکتیکیانەیە خاوەنی سەدان مەفرەزەو کەمین و بۆسە نانەوەی زۆر سەرکەوتوانە بوو ،یادی بەخێر رِەوانی شاد بەداخەوە لە مانگی سێی ٣ساڵی ١٩٨٣ لەشەری نەگریسی براکوژیدا چووە کاروانی نەمرانەوە /رِزگارەسوور /ئەم داستانە نەمر کاکە حەمەی حاجی سەعید بۆی گێرامەوە کە لەدەستەکەی خۆی بوو ئەو کاتە، ،کاکە حەمەش دوایی بووە جێگری تیپی ٣٧ شارباژێر لە ١٩٨٨/٠٣/١٦ لە نزیکی هەڵەبجە چووە کاروانی نەمرانەوە یادیان بەخێر

شەهید نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک رِائەژەنێ
سۆمای چاوە
کام دوارِۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای
کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!

شێرکۆ بێکەس



# ئەمڕۆ ١٩٦٢/١١/١٨ یادی کۆچی گۆرانی شاعیرە

هاورێ نزیك لەشاعیران. و ئەدیبان بەتایبەت پیرەمێرد و مستەفا سائیب و فائق بێ کەس و حلمی عەلی شەریف

ژیان. و ڕۆژگارەکانی گۆران بەم شێوەیە بوو

ناوی عەبدوڵڵا بەگە و کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگە. باوك و باپیریشی لە هۆنراوە و وێژەدا بەهرەیان هەبووە. بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەی «میران بەگی» لە ناوچەی مەریوان بوون. پاشان ڕوودەکەنە هەڵەبجە چونکە خۆیان بە گۆران زانیوە و لەوێ جێگر دەبن.

گۆران لە ساڵی ١٩٠٤ یان لە ١٩٠٥دا لە هەڵەبجە لەدایکبووە. لای باوکی قورئان و سەرەتای خوێندنی خوێندووە. پاشانیش لە مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بووە بە فەقێ. لە دوا ساڵەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و سەرەتای هاتنی ئینگلیزدا، بۆ ماوەیەک هەڵەبجە چۆڵ دەبێت و خەڵک ڕوودەکەنە لادێکانی دەوروپشت. ماڵی باوکی گۆرانیش لە بەهاری ١٩١٩ەوە تا پاییزی ئەو ساڵە ڕوودەکەنە چەمی بیارە و لەوێ لە باخێکدا هەوار دەخەون و بۆ پایز ئەگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە. کە یەکەم قوتابخانەی زمانی تورکی لە هەڵەبجە دانرا، بۆ پۆلی یەکەم وەرگیراوە. وەک گۆران خۆی گێڕاویەتەوە چوونی بۆ قوتابخانە پچڕپچڕ بووە. پۆلی چوارەمی لە سەردەمی داگیرکرانی هەڵەبجەدا لەلایەن ئینگلیزەوە تەواو کردووە.

لە ١٩١٩دا سلێمان بەگی باوکی گۆران کۆچی دوایی دەکات. پاشان لە ١٩٢١دا موحەممەد بەگی برای، بە هاندانی مستەفا سائیب، لەگەڵ عەبولواحید نووریی خاڵۆزایدا دەیاننێرێت بۆ قوتابجانەی عیلمییەی کەرکووک بۆ خوێندن. بەڵام هەر لەو ساڵەدا موحەممەد بەگی برایشی دەکوژرێ. ئیتر گۆران کەسی وەهای نامێنێ گوزەرانی خوێندنی خۆی و ژیانی دایکی ببات بەڕێوە، لەبەرئەوە دەست لە خوێندن هەڵئەگرێت و لە ساڵی ١٩٢٢ەوە تا ساڵی ١٩٢٥ گەلێ دەست تەنگی ئەچێژێ. گۆران بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٥دا بە مامۆستایی لە قوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوە و تا ١٩٣٧ لە خوێندنگەکانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە.

لە سەرەتای 1959دا سەرپەرشتیی گۆڤاری شەفەق ئەگرێتە دەست و بە ناوی بەیان دەریدەکات. لە ئیسکانی سلێمانیش دایدەمەزرێنێت و تا ناوەڕاستی 1960 کاری تێدا دەکات. دواتر بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە بێپرس کاری بەجێهێشتووە - کار بەجێهێشتنەکەی بۆ ڕۆشتن بووە بۆ شەقڵاوە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی دووهەمی مامۆستایانی کورد دا - لەسەر کار لای دەبەن.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1960دا دێتە بەغدا و ئەبێ بە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی.

کۆچی دوایی


لە سەرەتای 1962دا ژانەسک زۆری پێ ئەهێنێ. دەرئەکەوێ کە گەدەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە. نەشتەرگەرێکی سەرکەوتووی لە بەغدا بۆ دەکرێ بەڵام بەداخەوە پاش وادەیەك. پاش ئەو نەشتەرگەرییە لە نیساندا ئەچێ بۆ مۆسکۆ و سێ مانگێک لە نەخۆشخانەی کرێملین و سەنەتۆری بەرڤیخە بەسەرئەبا و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ عێراق. پاش گەڕانەوەی بەماوەیەکی کەم نەخۆشییەکەی سەرهەڵئەداتەوە و تەنگی پێ هەڵئەچنێ. لەبەرئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لە جێدا ئەکەوێ.

لە کاژمێر نۆ و نیوی بەیانی (1962-11-18) چاوی یەکجاری ئەنێتەوە.

نمونەیەك لەشیعرەکانی :

پایز! پایز
بووکی پرچ زەرد
من مات تۆ زیز
هەردوو هاودەرد
من فرمێسکم، تۆ بارانت
من هەناسەم، تۆ بای ساردت
من خەم، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە دادم دادت
پایز پایز

گەڵا ڕێزانت
هەوری ماتی ئاسمانت
لەبر کزەی بای سەر تەزێن
لە گەڵ گەڵای درەختا ئەژین
بەڵام قورسە زۆر بە جۆشە
دۆزەخێکم کوا لە جۆشە
پایز! پایز!
شان و مل ڕووت
من مات، تۆ زیز
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین
بگرین... بگرین... چاومان نەسڕین
هەرگیز، هەرگیز










1962-1904





سەرچاوە : ئیسکۆپیلدیای زانیاری کورد

دارشتنەوەو گرافیکی وێنەیی :ئامانجی مامۆستا عومەر

# لەیادی 239 ساڵەی شاری سلێمانی

ڕێکخراوی خانەوادە دێرینەکانی شاری سلێمانی پێشانگای وێنەی دۆکۆمێنتاری مێژوویی لەکارێزی وەستا شەریف نمایش کرد کە ١٨٥ وێنەی مێژوویی کۆن بوو کەبەشێك لەوێنەکان پێش ٦٠ ساڵ لەهەمان شوێن لەکارێزی وەستا شەریف تۆمار کرابوون لەهەمان کاتدا ٢٠ ئوتومبێلی کۆن هێنرا بوون کەلەگەڵ وێنەکان گونجاندن و ڕێکخستنی بۆ کرا بوو پێکەوە نمایش کران
















# ڕێکخراوی چەپک لەشاری ئەلمێرەی هۆڵەندا ڕۆژێکی هونەری بەرێکرد

بەئامادەبونی هونەرمەندانی دانیشتوی هونەرمەندانی بەبەشداری دەشنێ بابان و نیاز شەیدا و شۆرش قەرەداغی و کاوەکەرکوکی و کەیوان ڕۆژهەلاتی و چەند موزیک سیانێک و شاعێرێک و بەشێک لەڕۆشنبیران و کوردانی دانیشتوی هۆڵەندا و بڵاوکراوەی یادنامە،

بەئامادەبونی شاخەوان دوکانی سەرۆکی ڕێکخراوی چەپک بۆگەشەپێدانی مرۆیی و جەبار ڕەشید لیژنەی باڵای هۆڵەندای چەپک و هەڵۆ ڕەزا نوێنەری بەلجیکاو شیرین کافێ نوێنەری ئەڵمانیا باس لە رەوشی هونەروهونەر دۆستی کرد پاشان چەندین تێکستە شیعر پێشکەش کرا لەگەڵ دەیان گۆرانی فۆلکلۆری کوردی،

سەرۆکی چەپک لە شاری ئەلمێرە تا ئەلکمار نوێنەرایەتی جێگرکرد کە لەم بەرێزانە پیکهاتوون تەلار خان نوێنەرئەلمێرە و ماموستا عەتا ئەندام و تانیاخان ئەندام و نیازشەیدا ئەندام و ڕزگار محمد ساڵح ڕاوێژکاری ڕێکخراوی چەپک لە هۆڵەندا

شاخەوان دوکانی ڕای گەیاند ئەم جۆرە چالاکیانە بەردەوامی دەبێیت و ئێمەلەخزمەت کوردانی

تاراوگەدەبین بێجیاوازی دین و لایەنی سیاسی، شایانی باشە ڕێکخراوی چەپک ئۆفیسی لەشاری سلێمانی هەیە لەشەقامی پیرەمێرە و خاوەنی دەیان وسەدان چالاکی چۆراوجۆرن



YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەرۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com 0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com 009647701553018
sharazwri@gmail.com 009647701961087